# ڕەخنە نەک کوتەک..!

**جەلال دەباغ**

هاوڕێ قادر ڕەشید (ئەبو شوان) لە ساڵی 1998دا لە سوید نامیلکەیەکی بەسەردێڕی(پشتئاشان لەنێوان ئازارو بێدەنگیدا) بە چاپ گەیاند کە تا ڕادەیەک لەدژی حیزب و هاوڕێیان قەڵەمەکەی خستبووەکارو، ئەو ڕاستییانەشی کە باسی کردبوون بە زۆری بە دژی ڕاستی و بۆ هێرش بردنە سەر حیزب و چەند هاوڕێیەکی سەرکردایەتی بەکاری هێنابوون و، زۆر لە سنووری ڕەخنە تێپەڕیان کردبوو، لەبەر ئەوە منیش لە نامیلکەیەکدا بە سەردێڕی (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پشتئاشان لە نێوان ئازارو بێدەنگیدا) چاپی هەولێر کە لەلایەن حیزبەوە بە چاپ گەیەندرا، وەڵامێکی زانستانەو دوور لە تانەو تەشەرو هێرش بردن، وەڵامي چاپی یەکەمیم دایەوەو، لایەنە باشەکانی نووسینەکەیم بەباشی هەڵسەنگاند وخۆشی لە ل74ی وەڵامەکەیدا باسی ئەوەی کردووەو، تا ڕادەیەک توانیم و بە ئەرکی خۆم زانی بەرپەرچی هێرشەکانی بۆ سەرحیزب بدەمەوەو دانەیەکیشم بۆ خۆی پێشکەش کرد.

لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە چاپی دووەمیشی لە مانگی تەموزی 2003دا بڵاوکردەوە کە هەندێ دەستکاریی تێدا کردووەو، هەندێ ڕاستکردنەوەش کە لە ڕەخنەکەمدا بۆم نووسیبوو ڕاستی کردۆتەوە، بەڵام نایەوێ دان بەوەدابنێ!.

## هەڵوێست لە ڕەخنە.

دیارە ئەبو شوان کە کاتێک وەڵامەکەی منی خوێندۆتەوە ڕەخنەی دروستکارانەی لێبووە بە کوتەک و، بەسەر دێڕی "ڕەخنە یان کوتەک" وەڵامێکی لاوازی پڕ لە هەڵەی زمانەوانی و هێرشی دوور لە ڕاستیی داومەتەوە، بە تایبەتی کە بە زۆری لە بابەتی باسەکەی پشتئاشان لایداوەو هەندێ شتی ناڕاستی باسکردووە کە لە دوورو نزیکەوە نە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی پشتئاشان و نە بەڕاستییەکانەوە هەیە.!

جێگای داخە هاوڕێیەکی دێرینی حیزب و خۆم، هەر لەبەر وەڵامێکی نامیلکەکەی و دەربڕینی بیروڕای خۆم بگاتە ئەو لۆجیکەی وەڵامەکەی پێداوەتەوەو قسەی ناشرین و تانەو تەشەرو ناڕاست بەهاوڕێ دێرینەکەی خۆی بڵێ و چەندەها دێڕو بڕگەی ئاوەژو بکاتەوەو بەنیوەناچڵی بنوسێ و لەسەر شێوازی( ولاتقربوا الصلاة وأنتم سكارى-کاتێک سەرخۆشبن نزیکی نوێژ مەکەونەوە) نیوەی لێ بقرتێنێ و نیوەکەی دیکەی بخاتە بەر دیدی خوێنەران! یان هەر لە خۆیەوە بیرۆکەیەک بەناوی منەوە داتاشێ و بەکاوخۆ بکەوێتە بەرپەرچی دانەوە..! کە زۆر بەشێ نووسینەکەی هەر شایانی وەڵامدانەوەش نییە..

ماوەیەکی زۆر بێدەنگبووم و تەنانەت نامیلکەکەشم کاتێک دی کە چەند دانەیەکی ناردبوو بۆ کوردوستان. وەک خۆشی دانی پێدا ناوەو لە ل67دادەڵێ"سێ جار لە سلێمانی و هەولێر بەبێ ئاگاداریی خۆم لە چاپدراوەتەوە"!(1) بەڵام ناڵێ کێ بۆی چاپ و بڵاوکردۆتەوەو، خۆشی ئاگادارەو ناوی ئەو لایەنەش نابات!. ئەمجارە لایەنێکی دیاریکراو کە جاری یەکەم دژی لایەنەکەی ترو حیزب بۆی چاپکرد، دیسان بۆی چاپ نەکردەوە لەدژی لایەنەکەی تر، چونکە باری ئێستای کوردستان ئەو نووسینە هەڵناگرێ.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەندێ هاوڕێ و برادەر رایانوابوو کە هەر وەڵامی نەدەمەوە، چونکە بە زمانێک نووسیویەتی و خاوەنی ئەقڵییەتێکە شایانی وەڵامدانەوە نییە. هەندێکیش لە هاوڕێ و برادەران رایان وابوو کە وێڕای ئەوەش ئەگەر وەڵامی نەدەمەوە رەنگە هەندێک لە خوێنەرانی نامیلکەکەی، بەتایبەتی لاوان و نەوەی نوێ کە لە راستیی رووداوەکان و ناڕاستییەکانی ئەبوشوان بێ ئاگان بێدەنگبوونم بە جۆرێکیتر لێکبدەنەوە، بەتایبەتی کە لەدەمێکەوە لە چەند سایتێکدا دایناوەو لەم دواییەشدا هەر خەریکی ناردنێتی بۆ سایتەکان، بۆیە لە ئەنجامدا بریارم دا کورتە وەڵامەکەی کە لە کاتی خۆیدا نووسیومە، لەگەڵ کەمێک دەستکاری، بڵاوبکەمەوە. دیارە بە زمانی خۆم وەڵامم داوەتەوە نەک بە زمانی خۆی و نووسەری"چەند سەرنجێک"ی نامیلکەکەی کە لە جێگەی پێشەکی بۆی نووسیوە. بەڵام رەنگە ئەمیان زۆر ناهەقی نەبێت چونکە وەڵامە پڕ لە ناڕاستییەکەی ئەبوشوانی خوێندۆتەوەو لێی بووە بە ڕاست وپێدەچێ نەیپەرژابێ بەچاکی وتارەکەی من بخوێنێتەوە.!

## لە وەڵامی "چەند سەرنجێک"دا.

نووسەری ئەو سەرنجانە (هاوڕێ نەوزاد وەلی) بە نووسینەکەی لەسەر (رەخنە) وای بۆ چووە، نەک تەنیا "لای حیزبەکەی خۆی و حیزبەکانیتر، بەڵکو لای هەموو "کورد" "رەخنە وشەیەکی کلۆڵەو ناوزڕاوە" و ئینجا دەڵێ: "رەخنە لە سیاسەتی لایەنێک..کفرە، خۆ رەخنە لە بیروباوەڕو دروشمی حیزبێک، هەر لە کفریش کفرترە" ئەم بۆچوونەی کاک نەوزاد تارادەیەک راستیی تێدایەو بەسەر هەندێ کەسیشدا دەگونجێت، بەڵگەشم ئەوەیە کە کاک ئەبوشوان لە رەخنەکەم هێندە تورەبووە دۆو دۆشاوی تێکەڵ کردووە. ئینجا کاک نەوزاد دەڵێ: " لە حیزبایەتیدا وا فێرکرابووین کە ئەبێ بەشان و باڵی(رەخنەلێگیراودا) هەڵبدەین، جا ئایا کەسە یان شت، ئیتر پێمان ئەوت(رەخنەی دروستکەر)!!! (ل2).

دیارە ئەم بەگشتی کردنە لە تێنەگەیشتنی رەخنە کەسانێک دەگرێتەوە کە پێدەچێ زۆر بەسادەیی لە رەخنەو شێوازو ئامانج و ئەرکی رەخنە تێگەیشتبن، چونکە:

- رووداوەکان سەلماندوویانە کە رەخنە لای کورد وەک گەل هێندە ناوزڕاو نییە، بەڵکو داگیرکارانی کوردستان و چینە چەوسێنەرەکان بواری رەخنەیان کەم کردۆتەوەو کلۆڵ و ناوزڕاویان کردووەو، ئێستاکە لە کوردستان لەم چەند ساڵە کەمەدا، تا رادەیەکی نەدیتراو جۆرە ئازادییەکی فراوانی بیرو رادەربڕین و ئازادییەکانیتر هەن و لەدەرەوەی وڵاتیش بوارێکی باش رەخساوە، دەبینین رەخنەیەکی زۆر لە حیزب و لە دام و دەزگا حیزبی و حکومییەکانیش دەگیرێن..ئەگەرچی کەسانی واش هەن لەبری رەخنە دەکەونە ناوزڕاندن و تانەو تەشەرو هێرش و پەلاماری نارەوا..تاد.

- لە چ حیزبێکدا وا فێرکراوە کە دەڵێ: " لە حیزبایەتیدا وا فێرکرابووین کە ئەبێ بە شان و باڵی(رەخنەلێگیراودا) هەڵبدەین، جا ئایا کەسە یان شت، ئیتر پێمان ئەوت(رەخنەی دروستکەر)!!!" خۆ دیارە مەبەستی حیزبی شیوعییە، کە یەکجار بەوجۆرە نییەو دەبوو هەر ئەوکاتە بەوە قایل نەبێ. لەراستیدا حشع یەکەم حیزب بووە لە عێراق و لە کوردستاندا کە ئەندامانی خۆی و جەماوەرەکەی بەگیانی (رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن)ی زانستانە پەروەردەکردووە، هیچ هەڵەو لەرێلادان و سەرکردایەتییەکی بیرۆکراتی لە قۆناغێکداو هیچ ناتەواوییەکی راگوزەر ئەو راستییەیان پێ ئاوەژو ناکرێتەوە. تەواوی بزوتنەوەی نیشتیمانیش بە هەموو حیزبە رەسەنەکانەوە ئەو راستییە دانپێدادەنێن و، تەنانەت بۆ هەموو بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان، حیزبی ئێمە قوتابخانەیەک بووە.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

- رەخنەی "دروستکار" ئەوە نییە " بە شان و باڵی رەخنەلێگیراودا هەڵبدەیت" وەکو "سەرنجنووس" بۆی چووە گوایە حزب وایفێرکردووین، بەڵکو ئەوەیە(هەندێ جۆری رەخنە یەکەمینجار لایەنە باشەکان فەرامۆش نەکات، مەوزوعی و راستبێ، دووربێ لە هەڵچوونی وردەبۆرژواو هێرش و پەلامار، کەم و کوڕی و ناتەواوییەکان دەربخات و پێشنیازی زانستانە لە بریبان بخاتە پێش چاو، بە مەبەستی دروستکردن و گەشەپێدان و پێشخستنبێ، نەک وێرانکردن و روخاندن. رەخنەو ریسواکردن زۆر لێک جیاوازن. یەکەمیان لە دۆست و لەخۆ دەگیرێ و بە مەبەستی دروستکردنە، دووەمیان لە دوژمن و حیزب و رژێمە دیکتاتۆرو فاشیستەکان و مەبەستی ریسواکردن و تێکدان و روخاندنیان و دروستکردن لە جێگەیانە. خۆ ئەگەر رەخنە لە لایەنە نەیارەکانیش بگیرێت ئەوە هەردەبێ بە مەبەستی گەشەکردن و دروستکردن بێت، نەک وەک "سەرنجنووس" دەڵێ"ئەوە گرنگ نییە رەخنە لێگیراوەکە پێی گەشە ئەکات و دروست ئەبێت یان ئەڕوخێت و لەناوئەچێت"!! ئەمە بۆ هەموو رەخنەلێگیراوەکان وەکو یەک نییە، بەمجۆرەبێت رەخنە لە ئامانجی خۆی دادەبڕێت. بێگومان دەبێ سەرنجی ئەوەش بدرێت کە رەخنەش زۆر چەشنی هەیە، سیاسی، ئەدەبی، هونەری، زانستی. کۆمەڵایەتی، لە بواری وەرزش و هەموو بوارەکانیتردا کە لێکتر جیاوازن..تاد.

- نووسەر بێ ئەوەی تاقە یەک بەڵگە بدات بە دەستەوە دەڵێ: "رەخنەگرتن لە سەرکردایەتی و دروشمەکان وپایەو کۆڵەکە فیکرییەکانی حیزبەکان و سیاسەتە هەمە جۆرەکانیان، بەتاوان دادەنرێت!"(3) جا ئەمە کەی بەو شێوازە راستە؟ خۆ ئەگەر کەسێک وای لێقەومابێت ئەوە دەچێتە بواری هەڵەو کەمتەرخەمی کەسەکانەوەو زۆر دوورە لە کۆڵەکە فیکرییەکانی حیزبەکانەوە. خۆ ئەگەر کەسێک بچێتە حیزبێکەوە بەپێی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە دەبێ کۆڵەکە فیکرییەکانی لا پەسەندبێ و دەتوانرێ لە کۆنگرەدا کە خاوەنی دەسەڵاتە، ئەو کۆڵەکە فیکرییانە یان هەر شتێکیتر دەستکاری بکرێن یان بەشێوەیەکی رێژەیی بگۆڕدرێن، وێڕای ئەوەش کەمەبەستی نووسەر حیزبی شیوعییە، ئەوە بەسەر حیزبی شیوعیدا بە وردی و بەتەواوی ناگونجێ، من لەوباوەڕەدام لە حیزبێکی شیوعی وکرێکاریدا نابێ کۆڵەکە فیکرییەکان بەدەنگدان بێنە گۆڕین، وەک ئەوەی بە چەند دەنگێکی کەم زیاتر لێنینیزم کە کۆڵەکەیەکی بنچینەیی فیکرییە لە کۆنگرەدا لابرا، ئەگەر کاروکردەوەی هەندێ لە کەسانی حیزبیی لێدەربکەین، ئەی ئەوە حیزبی شیوعی نییە کە تا ئێستا پتر لە سێ هەڵسەنگاندنی گەورەی لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکانیدا بڕیارداوەو، بە ئەقڵی بە کۆمەڵی شیوعی و دۆستەکانیان، بە سیاسەتەکانی حیزبدا چۆتەوەو بە ڕاشکاوی رەخنەی لێگرتوون و هەڵەو ناتەواوییەکانی لەهەموو بوارەکاندا خستونەتە بەرچاوی جەماوەر؟

ئەی ئەوە شیوعی و دۆستەکانی حیزبنین بەسەدان نامە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان و، هەروا لە کۆبوونەوەکاندا تەنانەت لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامە ناوخۆیی و ئاشکراکانی حیزب و رۆژنامەکانیترداو لە زۆر بواریتردا رەخنەیان لە حیزبەکەیان و سیاسەتی حیزبەکانیتریش گرتووە، بێ ئەوەی کەس تاوانباری کردبن؟ شتێکی ئاشکرایەو روودەدا کە لەسەرکردایەتی و دەستە حیزبییەکاندا کەسانی کەم چیکڵدانەو هەڵەو، هەلپەرست و لادەر لە پەیڕەوو پرۆگرامی حیزب هەبن و لە باوەڕەکانی حیزب و ریۆشوێنی تێکۆشان لابدەن، کە یەکێکیان باوەڕی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتنە. هەر لەبەر ئەوەیە لێنین جەخت لەسەر پاکردنەوەی ریزەکانی حیزب لە هەلپەرستان دەکاتەوە.

- نووسەری (چەند سەرنجێک) بەداخەوە، لەسەر شێوازی هاوڕێ قادر، قسەی بەدەم منەوە هەڵبەستووەو بە ئارەزووی خۆی وەڵامی داومەتەوە، دەفەرموو با خوێنەرانی بەڕێز سەرپشکبن، سەرنجی نووسینەکەی من و وەڵامدانەوەکەی ئەو بدەن. من لە ل23دا لە باسی دروشمەکەی فەهددا " رکخستنی حیزبەکەتان بەهێز بکەن، رێکخستنی جولانەوەی نیشتیمانی بەهێز بکەن!"(4) نووسیومە: جێگای داخە کە ئەبو شوان دوای ئەو



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

تەمەنە درێژەی حیزبایەتی هێشتا بە چاکی لەو دروشمەی حیزب نەگەیشتووەو بە هەڵەش نووسیویەتی و لێکیداوەتەوە" کەچی لە جیاتی ئەم نووسینەی من هاوڕێ نەوزاد ئاوای نووسیوە: " کاک جەلال دەباغ بە گاڵتەجارییەوە لە نامیلکەکەیدا بە هاوڕێ قایەر دەڵێ دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ لەناو حیزبدا، لە سیاسەتی حیزب و دروشمەکانی تێنەگەیشتووەو رەخنەیان لێئەگرێت!!!"

- باشە کوا "گاڵتەجاڕی"؟ کوا باسی پەنجا ساڵ؟ کوا باسی" لە سیاسەتی حیزب و دروشمەکانی تێنەگەیشتووەو رەخنەیان لێئەگرێت!!!"؟ چۆن باسی یەک دروشم ئاوا کرا بە گشتی؟ ئەمیش وەک ئەبوشوان سەرنجی ئەوەیان داوە گوایە" لەکاتی کارەساتەکانی پشتئاشاندا لە کوردستان نەبووم" ئیتر بە بۆچوونی ئەوان بۆم نییە لەسەریان بنووسم! تۆ بڵێی نەیانزانیبێ ئەو سەردەمە من لەکوێ بووم و چیمدەکردو چیمدەنووسی؟ دیارە قامیشلۆ بە کوردستان نازانن! خۆ ئێستا نهێنی نییە کە بڵێم من و هاوڕێ ئەبوجەمال بەکاری حیزبی لە ئامەد(دیاربەکربووین) کە بەتەلەفۆن لە قامیشلۆوە لە کارەساتی پشتئاشان ئاگادارکراین، ئیتر بەپەلە بۆ کوردستان، لەڕێگەی تارانەوە گەڕاینەوەو پارەیەکی زۆری حیزبمان گەیاندە هاوڕێیان تا بە فریایان بکەوێت و، لەسەر بڕیاری مەکتەبی سیاسی لەڕێگەی هاوڕێ عەبدورەزاق سافییەوە ئاگادار کرام و ئەرکی تازەشم پێ سپێردرا کە بەخیرایی بگەڕێمەوە قامیشلۆ و سەرکارەکەی خۆم کە بەشێکی گرنگ بوو لە کاری پێشمەرگایەتی، واتە سەرپەرشتی کردن و ناردنی چەک و پێداویستەکانیتر بۆ کوردستان...تاد.

- سەرنجنووس دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی شێواندنی واقیعەکەی گرتۆتە ئەستۆ.. بە ناڕەوا بەرپەرچی بۆ چوون و رەخنەکان دەداتەوەو خۆی ئەکات بە حیزب و خاوەن ماڵ بەسەر هاوڕێ قایەرو کەسانیترەوەو ئەوانیش بە بێگانە!" بەڵام ئەم نووسەرە بەڕێزە ناڵێت واقیعەکە چۆن شێوێندراوە؟ ناڕەوایی بەرپەرچدانەوەکە لەچیدایە؟" لە کوێدا تەنیا خۆم بە حیزب و خاوەن ماڵ داناوەو، بۆچی بەسەر قایەرو کەسانیترەوەو، چۆن ئەوانم بەبێگانە داناوە؟ بۆچی قایەر مافی خۆی بێ لە رەخنەش تێپەڕێنێ بەرەوتاوانبارکردنی ناڕەوای حیزب و هاوڕێیانی لە دەستدرێژییەکەی یەکێتی بۆ سەر حیزب لە پشتئاشان و، کەس بۆی نەبێ وەڵامی بداتەوە؟ خۆ نووسەر لە نامیلکەی یەکەمیدا یەک وشەی لە دژی من نەنووسیوەو، من بە راستم نەزانی لە هەڵوێست و هەندێ لە رەخنە نادروستەکانی بێدەنگبم، بەڵام ئەوەتە هەر لەبەر ئەو وەڵامەم خوێنم تاڵبووەو، لە نامیلکەی دووەمیدا کەوتۆتە هێرشێ ناڕەواو تانەو تەشەر دەرهەق بە من. ئەمەش هەڵوێستی هەڵەی ئەو هاوڕێیە لە رەخنە بەچاکی دەردەخات.

- من لای خۆمەوە پێموایە سەرکردە، یان سەرکردایەتییەکی بیرۆکراسی کە رەخنە قەبوڵ ناکات و پێی توڕەدەبێ، هەروەک ئەو کادیر، یان ئەندامە وایە کە رەخنەدەگرێت و بەڵام وەڵامی رەخنەکانی قەبوڵ ناکات و پێی توڕەدەبێ.

- ئەم سەرنجنووسە کە وەک خۆی دەڵێ"زۆربەی رووداوەکان و ژیانی ئەو رۆژانە لەسەر پشتی دڵمان نووسراوە"!(5) بۆچی نووسین و تێکۆشانی کەسانیتر بەراوەژودەکاتەوە..؟

سەرنجنووس لە باسی "نوقڵانەدا"چەند پرسیارێکی ریزکردووەو دەڵێ: "کاک جەلالیش لە روانگەی بیروباوەڕە دیالێکتیکییەکەیانەوە ئەبوایەو ئەبێ ئازایانەو بە ئاشکرا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، نەک داکۆکی بکەن لە هەڵەکانی ئەندامێک ودوانی سەرکردایەتی کە ئەوەتەی موویان لێڕوواوە ئەندامی سەرکردایەتی ئەم حیزبەن و کە لە دەرەوەی حیزبیش ئەبن وەک مەرجەعییەت سەیریان دەکەن!" (6) جا پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکانی، کە لە وەڵامدانەوەی ئەبوشواندا وەڵام وەردەگرێتەوە، با وەڵامی ئەم قسانەی بدەمەوە:



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

- من بەهیچ جۆرێک داکۆکیم لە هەڵەی کەس نەکردووەو نایکەم، خۆ ئەگەر وامبکردایە دەبوو داکۆکی لە هەڵەکانی ئەبوشوانیش بکەم کە هاوڕێیەکی دێرینمە. لەگەڵ ئەوەشدام کە رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن رۆڵێکی گرنگیان هەیە، نەک تەنیا لە ژیانی حیزبایەتیدا، بەڵکو لەهەموو بوارەکانداو تەنانەت لەبواری کۆمەڵایەتیشدا. من شێواندنی راستیم دەرخستووەو، داکۆکیم لە حیزب و هاوڕێیانکردووە، لەو بوارانەدا کە دەبێ ئازایانە داکۆکییان لێ بکرێت.. لەو بوارانەدا کە بە داخەوە ئەم دوو هاوڕێیە بیانەوێ و نەیانەوێ لەوێدا بە وشەی هەق ناهەق دەچەسپێنن.!

- هەندێ هاوڕێ وەک سەرنجنووس دەڵێ "ئەوەتەی موویان لێڕواوە ئەندامی سەرکردایەتی ئەم حیزبەن" و ناویشی نەبردوون، ئەوە لە حیزبێکی وەک ئەمەی ئێمەدا بە هەموو کەس ناکرێ. لەحیزبێکی وەک ئەمەی ئێمەدا کە هەردەم لە هەل ومەرجی نهێنیدا ژیاوەو کەوتۆتە بەر داپڵۆسین و گرتن و بڕین و تێرۆرو لە سێدارەدان و رەشەکوژی و دەیان و سەدان سەرکردەو کادیرو ئەندامی پێشکەوتووی لێ شەهیدکراون و باری ناخۆشی ئێستاشمان لە حیزبدا تا رادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی ئەوەن کەجێی ئەو شەهیدانە پڕنەبۆتەوە، بەڵێ ئەوەی نووسەر باسی دەکا، بەهەموو کەس نەکراوەو ناکرێ و، بەڵکو پیاوی دەوێ و شیوعی کۆڵنەدەری لە پیاوان و ژنان پێدەوێ. ئەوانەی ئەو باسیان دەکا دڵزار وتەنی" بەندیخانەی نوگرەو باقوبەو بەغداوو کوت، باش دەزانن کێن و چاک دەزانن چین" خەباتی سەختی نهێنی و چیاکانی کوردستان و کۆمەڵانی گەل و جەماوەری حیزب و بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان چاکیان دەناسن و، ساڵەهای ساڵ پرۆژەی شەهیدبوون بوون و، بە رێکەوت لە ژیاندا ماونەتەوە. ئەو سێ هاوڕێیەی مەبەستی باسەکەیەتی بەهەرسێکیان 35 ساڵیان لە بەندیخانەدا بەسەربردووە بێ ئەوەی خۆیان بەدەستەوەبدەن. واتە هاوڕێیان(عەزیز محەمەدوکەریم ئەحمەد و عومەری عەلی مامەشێخە) کە هیچ کات بەرگریم لە هەڵەکانیان نەکردووەو نایکەم و، خۆشیان نایکەن. بەڵام مرۆڤی بە وێژدان دەبێ بەڕێزەوە بنوارێتە خەبات و قوربانیدانی هەموو ئەوانەی کە بەڕێکەوت ماون و..تاد.

- سەرنجنووس دەڵێ کە لە دەرەوەی حیزبیش ئەبن وەک مەرجەعییەت سەیریان دەکەن"! ناشڵێ وەکو کێ. بەڵام مەبەستەکەی ئاشکرایە. ئەوانەی کە مەبەستێتی لەدەرەوەی حیزبدا نین و هەر ئەندامی حیزبن و نەشکراونەتە "مەرجەعییەت"، بەڵکو بە شێوەیەکی ئوسوڵی، نەک گۆرباچۆڤی، لە سەرکردایەتی حیزبدا نەماون و، لە هەر بوارێکدا بتوانرێ سوود لە تواناو شارەزایی و تاقیکردنەوەیان وەربگیرێ باشەو سەرنجدەدرێ ئەم سەرکردایەتییەی ئێستای حیزب جارجارە گوێ لە بیروڕاو هەڵوێست و بۆچوونەکانیان دەگرێ بەڵام زۆر کەم نەبێ کارو پراکتیکی پێ ناکات. بۆ ئەم راستییەش پێویستە لە خۆیان بپرسن و هاوڕێیانی دێرینی حیزب دەبێ هەردەم جێگای رێزو خۆشەویستیی شیوعییەکان و رۆڵەکانی گەلەکەمانبن. ئەمەش مانای وانییە هیچ ناتەواویان نەبێ و لەم یان لەو قۆناغەدا هەڵەیان نەکردبێ.

لەوباوەڕەدام لە حیزبە شیوعی و کرێکارییەکانی دوای ساڵانی کۆمینتێرن "مەرجەعییەت" کارێکی نامۆیە لەژیانی حیزبایەتیانداو، ئەوانەش کە پەیڕەوی بکەن بێ توانایی خۆیان لە سەرکردایەتیداو لەرێڵادانیان دەسەلمێنن. چونکە تاکە مەرجەعییەت لەم حیزبانەدا دەبێ تەنیا هاوڕێیانی رێکخراوەکانی بنکەی حیزب و کۆنگرەکانی حیزب وبەڵگەنامەو بیروباوەڕەکانی شیوعیتیبن.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## ڕەخنە ..نەک کوتەک..!

باشتر وابوو ئەبوشوان لە وەڵامی وەڵامەکەمدا، بێ هەڵچوون و توڕەبوون، وەڵامی ئەو بۆچوونانەم بداتەوە کە ئەو بەڕاستیان نازانێ و، لە بابەتەکەی دەرنەچێ و، بە خۆڕایی ڕەخنەی لێنەبێتە کوتەک!. چونکە ئەودەم سەری گێژدەخوات و، لە جێگای وەڵام و بیروباوەڕی بەجێ قسەی نابەجێ و ناڕاست هەڵدەڕێژێ، وەک لە نووسینەکەیدا دیارەو، لە بابەتی پشتئاشان و خۆرنەوەزان لایداوەو بۆ تانەو تەشەرو درۆو دەلەسەکردن بەرانبەر من و هاوڕێیانیتر قەڵەمە کولەکەی تاوداوە. من تەنیا بەرپەرچی هەندێ لەو ناڕاستییانەی دەدەمەوە، لەو شتانەدا کە دەرهەق بەکەسایەتیی من نووسیونی و، ئەمەش تەنیا بۆ مێژو، بۆ پەیڕەوکردنی مافێکی ڕەوای بەرگری لەخۆم، نەک بۆ پەیوەندییان لەگەڵ باسەکەمان (پشتئاشان) کە بەتەواوی لێی دەرچووە..

## ژیان لە دەرەوەی کوردستان و عێراق..!

هاوڕێ قادر ئەمەی لێکردوومەتە هەرا کە چونکە من لەدەرەوەی کوردستان ژیاوم، ئیتر بۆم نییە لەسەر ڕووداوەکانی ناوەوە بنووسم. ناوبراو خۆی لەوە گێل دەکا کەی و چۆن وبۆچی لەدەرەوە ژیاوم و، هەروا بەشداریم لە هەردوو شۆڕشەکەداو، مانەوەی چەندان ساڵم لە چیاکانی کوردستان لە ڕۆژانیی خەباتی سەختداو لە خەباتی نهێنیی ناوشارەکاندا بۆ حیساب ناکات.

- گریمان ئەو کاتەی باسی دەکات لەدەرەوەی وڵات بووبم، ئاخۆ ئیتر، بەپێی ئەم بۆ چوونەی ئەبو شوان، بۆم نییە ڕەخنە لە هیچ شتێک بگرم لە ناوەوەی وڵات؟

- ئەی ئەو هەموو نووسەرو سیاسی و ڕۆژنامەنووسانەی لەدەرەوەی کوردستان دەژین و بەردەوام ڕەخنەو بیروڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان دەنووسن چی بکەن؟ دەست لە نووسین هەڵبگرن؟ ئەی خۆی لەدەرەوە نییەو"ڕەخنە" دەگرێ!

- زۆر شت هەیە باسیان بکەم، بەڵام چونکە باسی خۆکردنی تێدایە لێیان دوور دەکەومەوەوهەر بۆ دەرخستنی ئاستی کەمی ڕاستی زۆر بە چڕوپڕی دەڵێم:

- ئەبوشوان لەپێش منەوە بەماڵ و منداڵەوە لە سوید دەژی.

- من لەکاتی ژنهێنانمەوە(1970) تا ئەمڕۆ زۆر لە نیوەی ئەو ساڵانە کەمتر لەناو ماڵ و منداڵمدا ژیاوم، کەچێ کاک ئەبوشوان هەردووبارەی دەکاتەوەو دەنووسێت" لەناو ماڵ و منداڵیدا ژیاوەو لەتەڕ خواردوویەتی و لە وشک نووستووە"!.

- من لە کاتی ڕووداوەکانی پشتئاشانداهەر لەسەر خاکی کوردستان بووم. لە گوندێکی سەر سنوور، ئەرکێکی حیزبیی تایبەتیم هەر لەبواری پێشمەرگایەتی و حیزبییدا ئەنجامدەداو لەو ڕۆژە سەختانەدا چیم پێ سپێردرابێ کردوومەو چوونەدەرەوەشم هەموو جارێک هەربە ئەرک و بڕیاری حیزبی بووە.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

- لەکاتێکدا ئەبوشوان ڕووی لە هەندەران کرد، من لە ناو پێشمەرگەکانی کوردستان و پاشان بە نهێنی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم گەڕامەوە، لە ڕاپەڕینەکەشدا شەرەفی بەشداربوونم پێ بڕا، تا دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری 1991 بە نزیکەی ساڵێک، ئینجا بەمۆڵەت گەڕامەوە ناو ماڵ و منداڵ، کە سێ ساڵ بوو لێیان دووربووم و حیزب لەگەڵ دەیان هاوڕێ و خێزانی تردا ناردنییە سوید، دوای ئەوەش خۆم هەر گەڕامەوە کوردستان.

- کاتێکیش براله نامیلکەکەی لەدەرەوە دەنووسی من هەر لە ناوەوەبووم.

- باشە لەپای چی دەڵێ"لە ژیانیشدا لەسەر نەخشەش پشتئاشانت نەدیوە"! لەکاتێکدا تەواوی دێهاتەکانی قەڵادزێ و سەنگەسەرم دیوە بە پشتئاشانیشەوە.؟! ئایا دەکرێ یەکێک بە کەسێکیتر بڵێ: "تۆ لەسەر نەخشەش فلانە شوێنت نەدیوە؟" باشە تۆ چووزانیت؟. کوا بەڵگەت؟!

## هەڵسەنگاندنێکی ناڕەوا.

نووسەر لەسەر نووسینەکەی من بێ بەڵگە دەڵێ"نووسینەکەی لە سنووری ڕەخنە لایداوەو کردویەتییە هێرش و"تۆڵە"وتۆقاندن و سوکایەتی پێکردن"! بێ ئەوەی بە تەنیا بەڵگەیەک یان دێڕێک ئەو هەڵسەنگاندنەی بۆ ڕەخنەکانی من بسەلمێنی. بەڵام بێگومانم ئەو هەڵسەنگاندنەی بەتەواوی و زۆرتریش بەسەر نامیلکەکەی خۆیدا دەگونجێ و منیش بە ڕاشکاوی و بەڵگە ئەوە دەسەلمێنم.

- ئاخۆ باسی کام تۆڵەیە دەکات و بۆچی لە ڕەخنەکانم تۆقیوە؟

- ناوبراو نوسیویەتی دەڵێ: "ناوبراو پێی وایە قەدەغەیەو نابێ و ناکرێ لەم ڕۆژەدا بەسەرهاتەکانی رابوردومان ئاشکرا بکەین بۆ نەوەکانمان"! لە کاتێکدا من شتی وامنەنووسیوەو نووسیومە:" دیارە دەکرێ بگوترێ لەسەر نووسینی بە مەبەستی هەڵهێنجانی پەندو تاقەکردنەوە بۆ بزاڤی شۆڕشگێڕیمان زیاتریش هەڵدەگرێ" (7)

## چەند بوختانێکی ئاشکرا.

دوای ئەوە هەر لە ل10دا زمانی نووسین بەپێی کات و شوێن تێناگاو، بە وشەی خۆی و بە ئارەزووی خۆی بڕواو مەبەستی من بەهەڵە لێکدەداتەوەو ئینجا دەڵێ: "کاتی خۆشی لەسەردەمی بەرەکەمان لەگەڵ بەعسدا کە لە هەفتەنامەی (الفکر الجدید) کاری دەکرد، ئەیوت نابێ لەسەر ڕووداوەکانی رابوردو بنووسین، حیزبی حەلیفمان"بەعس"لێ زویر ئەبێ"!(8)

بۆ وەڵامی ئەم ناڕاستییە ئاشکرایەی هاوڕێ ئەبوشوان دەپرسم: مەبەستی لە (ڕووداوەکانی رابوردو) کامانەیە؟ ئینجا دەڵێم:

- من لە هەفتەنامەی بیری نوێ- الفکر الجدید جێگری سەرنووسەربووم، باشە لای کێ گوتومە: " نابێ لەسەر ڕووداوەکانی رابوردو بنووسین، حیزبی حەلیفمان"بەعس"لێ زویر ئەبێ"؟!. ئەگەر ڕاست بووایە ناونووسی دەکرد. با لەو هەموو ساڵانەدا، تاقە دێڕێکی نووسینەکانم بەو مانایەو، بەهەر مانایەک کە لایەنگیریی



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەعسی تێدابێت، بکات بە بەڵگە! خۆ نووسینەکانم بە کوردی و بە عەرەبی لە (بیری نوێ) و (ڕێگای کوردستان) و(طریق الشعب) و(الثقافة الجديدة) و(ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم) و هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیتردا ماون. ڕەنگە بە بڕوای ئەبو شوان هە رلەسەر ئەو قسانەشبێ کە ساڵی 1974 مفەوەزێکی ئەمنی بەعس لە بەغدا لەسەعات یانزەی شەودا لەبەردەمی باڵکۆنی ماڵەکەمدا، کاتێک بە دەنگی بەرز جوێنی بە بارزانی و بە کورد دەدا، کە لەو دەنگەدەنگ و جوێندانە، هاتمە سەر باڵکۆنی ماڵەکەم لەقاتی یەکەم، دەستڕێژی لێکردم و بەرێکەوت لەمردن رزگارم بوو، دوای ئەوەی بە دەمانچە تەقەم لێکردەوەو بە بریندارى بەسواری مارسیدسەکەی رایکردو هاورێیان لە درێژەی ڕووداوەکە ئاگادارن...تاد.

- پاشان هاورێ ئەبوشوان دەبێتە مامۆستاو تیئۆریزانی مێژو و دەڵێ: "مێژو ئاڵوگۆڕی پێناکرێ" لەکاتێکدا ئەوەندەی ئاڵوگۆڕ لەمێژوداکراوەو دەکرێ لە هیچ بوارێکیتردا ئەوەندە نەکراوە. چینە چەوسێنەرەکان مێژوی خەباتی چینی کرێکارو، داگیرکارانی کوردستان مێژوی گەلی کوردیان بە ئارەزوی خۆیان ئاڵوگۆڕکردووەو شێواندووەو، ئەمەش نکولیی لێناکرێ. دەبوایە ئەبوشوانیش هەر لەبەر مێژو تاوانی دەستدرێژییەکەی پشتئاشان و تێکشکانەکەی پشتئاشانی دووەم بەسەر حیزب و هاورێکانیدا نەشکێنێتەوە، ئەگەرچی باسی زۆر کەم وکورِی و ناتەواویشی بکردایە.

## وەڵامی پرسیارەکانی.

لەبارەی ئیدیعاکەیەوە کە گوایە حیزب کاتی خۆی لە ڕووداوەکانی پشتئاشان بێدەنگ بووە خۆی واتەنی "کۆمەڵێک قارچکە پرسیاری هەڵتۆقاندووە" وداوا دەکا من وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە. جا هەرچەندە من لە ڕەخنەکەی پێشوومدا بە ڕوونی و ڕاست و ڕەوان باسم کردبوو کە حیزب بێدەنگ نەبووە، بەڵام بەسەرچاو وا لێرەشدا لەسەر داوای خۆی وەڵامی پرسیارەکانی دەدەمەوە، ئەگەرچی لە شێوەی دارشتنی پرسیارەکانییەوە مەبەست و بەدگومانی بەرانبەر حیزب دەردەکەوێ:

دەپرسێ: "بۆچی پێش شانزەساڵ پوختەی ڕووداوەکە نەخرایە بەردەم قاعیدەی حیزب و ڕێکخراوەکانیان و جەماوەر؟"

وەڵام: ڕووداوەکە بە درێژی نەک تەنیا پوختەکەی، لەکاتی خۆیدا خرایە بەردەم قاعیدەی حیزب و ڕێکخراوەکانیان و جەماوەرو زیاتریش خرایە بەردەم رای گشتی و حیزبە شیوعی و کرێکارییەکان کە هەندێکیان نارەزایی و پرۆتێستیان دەربری. بۆ راستی ئەم قسەیە بگەڕێرەوە بۆ بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزب بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و زمانەکانیتر.

ئێستگەی نهێنی (دەنگی گەلی عێراق) کە خۆم ئەندامی دەستەی نووسەرانی و بەرپرسی بەشی کوردیی بووم، ڕۆژانە بەهەردوو زمان وتارو دەنگوباسی لەسەر ڕووداوەکەی پشتئاشان بڵاودەکردەوەو، لە گۆشەی شەهیداندا یادی شەهیدانی پشتئاشان دەکرایەوەو، گۆڤاری (رسالة العراق) و دواتریش چەندان بابەتی لەسەر تاوانەکەی پشتئاشان، لە ساڵانی 1983- 1985دا بڵاودەکردەوە کە نووسەری ئەم دێرانەش بەشدارییەکی چالاکانەی تێداکرد. هەروا بگەڕێرەوە بۆ(مشروع تقييم حركة الأنصار التابعة للحزب الشيوعي العراقي في الفترة مابين1979- 1988- پرۆژەی هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی پێشمەرگەیی سەربە حیزبی شیوعی عێراق لەنێوان ساڵەکانی 1979-1988 دا) کە ئەو پرۆژەیە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە لەکۆبونەوەی7و8ی کانونی یەکەمی 1995بڕیاردراو بە فراوانی و ئاشکرا خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەو پاشان خرایە بەردەم کۆنگرەی شەشەمی حیزب، دوای دەستکاریکردنی بڕیاردراو دیسان لە نامیلکەیەکدا بڵاوکرایەوە بەناوی(تقييم حركة



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

الأنصار..إلخ هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی پێشمەرگەیی..تاد.) دیسان لە وێداو لە لاپەڕەکانی17- 19 دا باسی ڕووداوەکانی پشتئاشانکرایەوە. کەم و کوڕی سیاسی و فیکری و لایەنی عەسکەری بەراشکاوی ڕەخنەیان لێگیرا...تاد.

پرسیار: بۆ لەدوای 16ساڵ خرایە ئەرشیفەوە؟ بۆ کەی و بۆ کێ لە ئەرشیفدا دانراوە؟
وەڵام: وەڵامی یەکەم ئەم پرسیارەشت حەواڵەی ئەرشیفەکەی خۆت دەکا.

پ - ئەو لاپەڕانەی 90- 92 ئایا کتێبە یان ئیزبارەیە؟ خوێنەر و لێکۆڵەر لەکوێ بەدوایدا بگەڕێن؟
وەڵام: بەڵێ لە کتێبێکدا وەک لە نامیلکەی ( خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە) دا باسم کردووەو بەناوی (بەڵگەنامەکانی شەشەمین کۆنگرەی حیزب) چاپکراو لەناو وڵات و دەرەوەی بڵاوکرایەوە. جگە لەو سەرچاوانەی لەسەرەوە باسم کردوون.

پ.ئایا کەس دەستی ئەگاتە ئەو بەڵگەنامانە؟ یان ئەمە خۆی لە خویدا دیزە بەدەرخۆنەکردنە؟
و. بەڵێ وێرای سەختی خەبات و ڕۆژگاری حیزب وشیوعییەکان، ماون و لە مەکتەبەکانی حیزب لە شەقڵاوەو سلێمانی و هەولێرو لەزۆر شوێنیتر دەستت دەگاتێ، ئەگەر بەدوایاندا بگەڕێیت، "دیزەو دەرخۆنەکەشت" لە وەڵامەکانی سەرەوەدا وردوخاشکران.

پ: هەڵوێست چی بوو؟
و. بەخێرێ هێشتا نەتزانیوە هەڵوێست چی بوو؟ دەکە هێشتا نەتزانیوە هەر مەزانە!

بۆ دواپرسیاریشت، لە جیاتی وەڵام ئەم پرسیارەت لێدەکەم بەڵکو خزمەتێکی بۆ حیزب تێدابێ:

- بەڕای تۆ ئەو هەموو کارەساتە گەورانەی پشتئاشان و ئەو هەموو شەهیدانە، چۆن کۆتاییان پێبێت؟ بەو نامیلکەیەی کە دوای نزیکەی بیست ساڵ نووسیوتە؟ یان بە چ پێشنیازێک کە دەیخەیتە بەردەم حیزب؟

## ڕێگای کوردستان.

- ئەبوشوان باسی ئەوە دەکا کە "ڕێگای کوردستان ڕێگای بە پاڵپێوەنراوەکانیتریش نەداوە خامەی خۆیان تاوبدەن." بەڵام ناونووسی نەکردوون پاڵپێوەنراوەکانیتریش کێن؟ و کێ پاڵی پێوەناون ڕەخنە لە نامیلکەکەی بگرن؟ بێگومان وەک خۆشی چەند جارێک دەربڕیوە مەبەستی هاوڕێیان ( ئەحمەد ڕەجەب و مەحمودی حاجی فەقی خدر) و چەنکەسێکیترە کە وەڵامیان نووسیبوو، بۆیان بڵاونەکرایەوە. یان بەڵگەی چییەو ئەگەر لەبەر درێژیی وتارەکە نەبووە ئەی لەبەرچی ڕێگای کوردستان ئەو وتارەو وتاری"پاڵپێوەنراوەکانیتریش"ی بڵاونەکردۆتەوە؟ ئایا وتارەکەی خۆی لەڕێگای کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە تا وەڵامەکانی ئێمەش هەر لەوێدا بڵاوبکرێنەوە؟. بەزۆری نەریتی ڕۆژنامەگەری وایە.

- ئەو لە نامیلکەیەکدا خۆی و لایەنێکیتر بۆیان بڵاوکردەوەو، منیش لە نامیلکەیەکدا حیزب بۆی چاپکردم و ڕێکخراوەکانی حیزب بڵاویان کردەوەو مایەو قازانجیش هەر هی حیزب بوو. ئیتر باسی کام "مەبەستی تایبەتی" خۆم دەکاو"سەرپێچی" و"ژانەسەر"ی چی؟!



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## هەڵبژاردنی پشتئاشان.

دەربارەی هەڵبژاردنی پشتئاشان لە وتارەکەمدا لە ل7دا بەمجۆرەم نووسیوە: " نووسەر هەڵبژاردنی پشتئاشان بۆ بارەگای ناوەندی بە گونجاو دانانێ. ئەمە راستە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو بیری لێبکاتەوە، ئەوە لە هەڵسەنگاندنەکەی کۆنگرەی حیزبدا بەمجۆرە گوتراوە:"ناوچەی پشتئاشان لەبارەی سوپاییەوە شوێنێکی گونجاو نەبوو، کون و کەلەبەری جیدی تێدابوو، ناوەندی حیزب بە ناچاری بۆ ئەوێ پاشەکشەی کرد، ئەمەش دوای هێرشی ئێران لەکۆتایی ساڵی 1982دابۆ سەر ناوچەی نۆکان...هتد."(9) دوای ئەوە بە درێژی باسمکردووە کەبۆچی حیزب ئەو ناوچە نەگونجاوەی بۆ بارەگای ناوەندی هەڵبژاردووە.

کەچی ئەبوشوان دەڵێ: "بەڵام ئەو- واتە جەلال- دەیەوێ بیسەلمێنێت کە پشتئاشان جێگایەکی گونجاوبووە!"و هەروا لەل 18دا دەڵێ جەلال "ئەو گواستنەوەیە بەڕاست ودروست دەخەملێنێ"!(10) بێ ئەوەی دێرێکی لە نووسینەکەی من بۆ سەلماندنی قسەکەی خۆی هێنابێتەوە.

هەروا لە(ل28) دا دەڵێ: "لە ل17دا ئەڵێ: (لەبارەی 300 هاوڕێ کەلە پشتئاشان بوون) ((تێکرا بە سەرکردەو قەواعیدیشەوە هیچ شارەزاییەکیان لەسەر ناوچەکەیان نەبوو..))(11) ئەمە بەهیچ جۆرێک قسەی من نییە تا بەڕێزی بڵێ "ئەمەش لە راستییەوە دوورە" لە راستیدا قسەکەی ئەو لەڕاستییەوە دوورە. باشترە چاویلکەکەی لەچاوکات و وردتر شتەکان بخوێنێتەوە تا راستییەکان بە هەڵواسراوی پیشانی خوێنەران نەدات.

## تۆڵەی شەهیدان!

ئەوەی ئەبوشوان لەژێر ئەم سەردێرەدا نووسیویەتی بۆچوونێکی سەیرو سەمەرەیە!. ئەبوشوان ئەبوو بە ئەمانەت و دەستپاکی وەڵامی بدایەتەوە، بەڵام وای نەکردووە. ئەبوشوان لە چاپی یەکەمی نامیلکەکەیدا هاوڕێ عەرەبەکان "بە ترسنوک و لێنەهاتوو دادەنێ". منیش لە نامیلکەکەمدا وەڵامم داوەتەوەو نووسیومە (رووداوەکانیش سەلماندیان کە زۆربەیان نەترسانەو تا دوا فیشەک شەڕیان کردبوو، هەندێکیشیان شەهیدکران) ئەمەی کردۆتە بەڵگەیەکی پووچ و دەڵێ: "مەبەستی لەم ئەتروحەیەی ئەوەیە ئەیەوێت شەرعییەت بدات بە یەکێتی کە ئەو شیوعیيانە بە دیلی نەکوژراون وبەڵکو لەشەڕدا تا دوا فیشەک شەڕیانکردووەو کوژراون" لە کاتێکدا نووسینەکەی من، لە خەیاڵی ئەبوشواندا نەبێ، بەهیچ جۆرێک شەرعییەت نادات بە یەکێتی، نەبۆ پەلامارەکەی، نەبۆدیل کوشتن. کە نووسیومە " رووداوکانیش سەلماندیان" مەبەستم رووداوەکانی پێشمەرگایەتیيە بەگشتی نەک تەنیا پشتئاشان، لە کاتێکدا خۆیشی دەزانێ کە هەموو شەهیدەکان بەدیلی نەکوژراون و منیش نووسیومە هەندێکیان شەهیدکران. وەڵامەکەی من بۆ ئەبوشوانە کە پێشمەرگە عەرەبەکان بە ترسنۆک دادەنێ، وادەزانێ هەموویان "مریشک بوون و تەقەیان نەکردووەو شەڕیان نەکردووەو هەموویان بە دیلی شەهیدکراون"! خۆ ئەگەر گریمان لە شەڕیشدا بە دیلی گیرابن، دیل کوشتن هەر تاوانەو بە پێی هەموو یاسایەکانی شەڕ قەدەغەیە. لێرەدا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکانی ئەو پێشمەرگانەی لە پشتئاشان رزگاریان بووە( بڕوانە- موقع ينابيع العراق).

## ئەمڕۆ زەماوەند دەگێڕین.

لەژێر ئەم سەردێرەدا ئەبوشوان دەیەوێ بەچیرۆکە بەناوبانگەکەی مامۆستا جەعفەر بیسەلمێنێ کە لەشەڕی پشتئاشاندا دیل کوژراون. نازانم بۆچی کاک ئەبوشوان ئەو زەحمەتەی کێشاوە؟ چما گومانی لە دیل کوشتن هەیە؟



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

چیرۆکەکەو دەیان نووسینیتر لەپاش ماوەیەک لە رووداوی پشتئاشان نووسراون. بەڵام هەر لە یەکەم رۆژانی دوای پەلامارەکەوە حیزب رایگەیاند کە دیل کوژراون و، لە واقیعیشدا وابووە.

هەر لەو بەشەدا ئەبو شوان چاوی لە راستی نوقاندووەو لەزمانی منەوە دەنووسێ: " لە ل9دا ئەڵێ: "گەلێک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەو نزیکی، سەربە حیزبن و ئێستا لە ئۆردوگا زۆرەملێکان دەژین و، ئەگەر بزانن هێزی حیزب لە ناوچەکەدایە دوور نییە زۆریان بگەڕێنەوە." ئەمە بەهیچ جۆرێک قسەی من نییە. باشترە ئەبوشوان بە وردی جارێکیتر بیخوێنێتەوە تا تێبگات ئەوە قسەی من نییە.

کاک ئەبو شوان لەبەشەکانیتري وەڵامەکەیدا بە ئەنجامگەیشتنی وای بەناوی منەوە نووسیوەو بە نارەوا گوایە لە نووسینەکانی منی هەڵهێنجاوە "کەلە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە". تەنیا بۆ نمونە :

لە کۆتایی ل21دا دەنووسێ" ئەیەوێت وای پیشان بدات کە ئێمە بە پیلان و بەرنامەیەکی خۆ ئامادەکاری و(جاسوسی)بەسەر یەکێتییەوە لەوێ مابوینەوە"! بەڵام لەنووسینەکەی مندا بەهیچ جۆرێک شتی وانەگوتراوەو، بۆنی ئەوەشی لێناکرێت. ئەگەرچی بەوەش ناگوترێ "جاسوسی" بەڵکو زانیاری کۆکردنەوەیەکی رەوا دەبێ. جاسوسی تەنیا بۆ لایەنە دوژمنەکانی گەل دەبێ  کە جاسوسی بەسەر هێزە گەلێرەکانەوە بکەن.

## نکوڵیی ئەبوشوان!

لە لاپەڕە 15دا بۆم روون کردۆتەوە کە"ئەمەش راست نییەو هاورێ عەشتار شەهید نەکراوە"خۆشی لەل25ی نامیلکەکەیدا دەنووسێ"<u>من لە کتێبەکەمدا لێم تێکچووەو بەهەڵە ناوی ئەو خوشکەم نووسیوەو بە شەهیدم داناوە</u>" منیش هەر ئەوەندەم خواستووە کە هەڵەکەی راست بکاتەوە.

دەفەرموون تەماشاکەن دوای ئەوە چی دەنووسێ:

"بەڵام برالە هەڵەکە راست ناکاتەوەو ناڵێ ئەو نەبووەو یەکێکیتربووە، بەڵکو هەر نکولی لە شەهیدبوونەکەش ئەکات و بۆ هەر مەبەستێک بێت ناڵێت ئەو خوشکە شەهیدە(عەمیدە عزبی حالون- ئەحلام) بوو. ئەیەوێت ئەوە بپۆشێت کە خوشکانمان بە دیلی و زیندویی گولە باران نەکراون و پەنجەیان نەبڕاوەتەوە لە پێناوی دزینی ئەڵقەو موستیلەی پەنجەکانیاندا!".. دەفەرموون خۆتان بڕیار بدەن لێکدانەوەی ئەم هاورێ دێرینە بە ناهەق بۆ کوێ چووە؟ من لەوەندە زیاترم نەگوتووە کەلەسەرەوە خوێندتانەوە، کەچی بەڕێزیان ئەو هەموو ناڕاستییەی بۆ هۆنیومەتەوە بێ ئەوەی بەڵگەیەکی بەدەستەوەبێت.

دە بە ئاگاداریی ئێوە هەڵەیەکی تری ئەو ناوەی بۆ راست دەکەمەوە بزانن دوایی چیم پێدەڵێ: ناوی راستیی شەهیدەکە ئەمەیە(عەمیدە عذیبي حالوب)ە نەک" عزبي حالون". لەرووی زمانیشەوە دەبوو بڵێ: ئەیەوێت ئەوە بپۆشێت کە خوشکانمان بە دیلی و زیندویی گولە باران کراون و پەنجەیان بڕاوەتەوە. نەک (نەکراون و نەبڕاوەتەوە)!

- ئەبوشوان لە زۆر جێگەی نامیلکەکەیدا ل26 باسی"تەکلیف" و" تەکلیفکاری" دەکات کە وەڵاممداوەتەوە. بەڵام ئاشکرای نەکردووە کە لەلایەن کێوە تەکلیف کراوم و بەڵگەی چییە؟ جا ئەگەر مەبەستی هاورێیان و حیزب



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بێ، ئەگەرچی وانییەو من بەبێ تەکلیفی کەس نووسیومە، بەڵام خۆ ئەگەر گریمان واشبێ ئەوە شتێکی ئاساییە.

## کۆمەڵێک پلاری بێ بنەوان.

نازانم چۆن ئەبوشوان هیچ شەرمی نەکردووە کۆمەڵێک تەزویرو دیسان تومەت و بوختانی بۆ هاوڕێ دێرینەکەی خۆی هەڵبەستووە کەوا بەو تەمەنەیەوە دەستی دەکەوێتەروو:

## گیرانمان لە ئێران.



جەلال دەباغ                ملازم ئەحمەد جبوری

لەبارەی گرتنەکەی من وهاوڕێ ملازم ئەحمەد جبوری(ئەبو إزدهار)لە ئێران، کە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی بە(پشتئاشان)ەوە نییە دەنووسێ: "ئایا ئەکرێ لێی بپرسرێت تۆلە ئێران گیرایت وپاسداران زانییان تۆ شیوعیت، خۆشت ئەو گرتنەت نەخستۆتەڕوو وەک گرتنەکانی کەریم ئەحمەدو ئەبو سەربازو قادر رەشید و ئەوانیتر، ئەی بۆچی گیرایت و وەک ئەوانیتر دەرباز نەبوویت؟ یان داوا لە یدک بکرێت  کە چۆن رزگارتبوو؟ چونکە تۆ بە بەرگی عبوری ئەوانەوە گیرایت! ئەی چۆن بەربوویت؟. لە کۆنگرەی پێنجەمدا ئەم پرسیاری گرتنەی باسکرا، ئەویش وەک پوختەی بریاری پشتئاشان خرایە ئەرشیفی لاپەڕە ئەوەندەوە! ئەی بۆچی هەڵوێست ئاشکرا نەکرا؟"

لەوەڵامی ئەم شێوە پرسیارەی و هەوڵدانی لە دەرچوونی بابەتی رەخنە گرتنەکەم لە نامیلکەکەی پشتئاشانی، بە ئەبو شوان دەڵێم:

- لەبەرچی خۆت گێل دەکەیت و دەتەوێ خوێنەران بەهەڵەدا بەریت، ئاخۆ من کاتی خۆی لەریزی پێشەوەی هاورێیاندا بەدرێژی چیرۆکی گرتنەکەمان و چۆن گیراین  و چۆن بەربووین بۆ تۆ نەگێڕایەوە؟ پێش ئەوەی تۆش بۆ چەندان هاورێیترمان باس کردووە، ئیتر بە چ مەبەستێک ئەو باسەت وروژاندووە؟! ئێمە کە بەربووین هاتینە راژان، لەوێ هاوڕێ کەریم ئەحمەدو د.رەحیم عەجینەمان دی. هاوڕێ کەریم گوتی با بچینە لای بەرێزان کاک مەسعود بارزانی و مامۆستا عەلی عەبدوڵا حەزدەکەم ئەوانیش گوێیان لە قسەکانتانبێ. ئیتر چووینە لایان و من بە درێژی بۆم باسکردن.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

من و هاوڕێ ملازم ئەحمەد جبوری دوای دووساڵ لە پێشمەرگایەتی و مانەوە لە کوردستان هەردوکمان مۆڵەتمان لە حیزب وەرگرت کە بۆ سەردانی خێزانەکانمان بچینەوە بۆ شام، دیارە ئێمەو هاوڕێیانی دیکەی حیزب، بەرگەی هاتوچۆی ئێرانمان لە لایەن خاڵەحاجیی حیزبی سۆسیالیست و لەلایەن برادەرانی پارتییەوە بۆ دەکرا. ئەوجارە برادەرانی پارتی بۆیان کردین. هەردوکمان گەیشتینە تاران، پەساپۆرتی سوریمان بەناویترەوە پێبوو، ماوەی دووساڵ دواکەوتبووین، ئەگەر بچووینایە دایەرەی ئوموری بیانییان ئەوا بەشێوەی ڕۆتینی ڕەوانەی دادگایان دەکردین و بە پارەیەک جەزا ڕزگارمان دەبوو، بۆ هاوڕێ ئەبو ئزدهارم باسکرد کەمن زۆرجار وامکردووەو جارێکیشیان لەگەڵ هاوڕێ بەهادین نوری هەر بەوجۆرە دەرچووین، بەڵام هاوڕێ ئەبو ئزدهار زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی بچینە کەرەج کە لەوێ کە لەوێ برادەرێکی هەیە بەناوی (دوکتۆر شەوکەت بامەڕنی) یامەتیمان دەدات. کە چووینەلای و پێی گوت ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانمان پیشانداو گوتی سبەینێ بەیانی بچنە لای (نوری) ناو نوێنەری "نخست وەزیری" لە دایەرەی ئوموری بێگانان، بڵێن فڵان ناردوینی ئیتر یارمەتیتان دەدات. کەلای ئەو دەرچووین گوتم بانەچین و بەڕۆتینی کارەکە جێبەجێ بکەین، چونکە بەوشێوەیە دەگیرێین، بەڵام بەداخەوە هاوڕێ ئەبوإزدهار قەناعەتی نەکرد، بۆیە من هاوڕێیەکی ڕێکخستنی نهێنی حیزبم لە تاران بەناوی (صباح کوشنچي) ئاگادارکرد کە لە کاتی دیایکراودا لە أموری بێگانان لە چاوەڕوانی ئامادەبێت و هیچ قسەمان لەگەڵ نەکات ئێمە دەچینە لای نوری، ئەگەر گیراین ئەو لە دەرچووندا دەمانبینێ، بڕوات هاوڕێ ( کامل کەرەم- ئەبوعەلاء) لە تاران وپارتی لەکەرەج و باڵوێزخانەی سوریا لە تاران وسەرکردایەتی حیزب لە کوردستان ئاگادار بکات و ناویشمان لەپەساپۆرتەکاندا پێدا.

لەکات و شوێنی دیاریکراودا تەماشامانکرد هاوڕێ صباح دانیشتووە. بەبەردەمی ئەودا چوینە ژوورەوە بۆ ژوورەکەی نوری و بەجۆرێکی ئاسایی پێشوازیی کردین و هەندێ پرسیاری کردو پاش کەمێک زەنگێکی لێداو دووپۆلیس هاتنە ژوورەکەو ئێمەیان گرت وگوتی بۆ مامەڵەیەکی ڕۆتینی دەتانبەینە ورمێ، ئیتر بردیانین کە گەیشتینە ئاستی هاوڕێ صباح لەو ڕاڕەوەدا کە بۆ چاوەڕوانی تەرخان کرابوو من راوەستام و بەدەنگی بەرزو بە عەرەبی رووەکردە نوری و قیژاندم بۆچی دەمانگرن و دەمانبەنەوە بۆ ورمێ، ئێمە پەساپۆرت و هەموو شتێکمان یاساییە، بەوشیوازە هاوڕی صباحم تێگەیاند کە گیراین و دەمانبەنە ورمێ. ئیتر بەپاڵ ئێمەیان دایەپێش بەرەو ئاسێنسۆرەکەی نزیک و بردیانینە گرتوخانەکەی ژێر زەمینەکەکەی دایەرە. بۆ سبەینێ بردیانین بو گرتووخانەی ورمێ و ژووری گشتی و پاشان بۆ سلول، واتە ژووری تەنیایی کە بە هەمووی مانگێکی تێدا ماینەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین و خاڵە حاجی(محمد رحيم) هات بەریداین و لەگەڵ خۆی بردینی بۆ ماڵی خۆیان لەوێ چەند وێنەیەکیشمان گرت و خۆشمان کێشا، من کە گیرام 86 کیلۆبووم و ئەو ڕۆژە کە بەربووم 68 کیلۆبووم!..

بێگومان هاوڕێ سەباحیش ئاگاداری ئەبوعلاءی کردبوو، ئەویش هەموو ئەولایەنانەی ئاگادارکردبووکە لە سەرەوە باسکران، گوترا هەموویان هەوڵیان بۆ دابووین کە بەر بدرێین. بەڵام لە هەموویان گەرمتر خاڵە حاجی زۆر هەوڵی دابوو، چوبووە لای مستەفەوی و گوتبووی تۆ مامۆستای ئامینەی خێزانی منت گرتووە، هەردەبێ بەریان بدەیت.

ئیتر ئەم گرتنە چۆن لەگەڵ گرتنەکەی خۆیان لە پشتئاشان بەراورد دەکرێ؟

کەدەپرسێ: "ئەی بۆچێ گیرایت و، وەک ئەوانیتر دەربازنەبوویت؟" لەسەرەوە روونم کردەوە بۆچی و چۆن گیراین. بەڵام نازانم مەبەستی لە(ئەوانیتر) کێن؟. من تەنیا لەگەڵ هاوڕێ ملازم ئەحمەد جبوری پێکەوە گیراین و پێکیشەوە بەربووین و پێکیشەوە پیش گەڕانەوەمان بۆ شام چوینە کەرەج و گلەییمان لە شەوکەت بامەڕنی کرد کە



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بۆچی ناوی راستیی ئێمەی داوە بە ئێرانییەکان!. لە وەڵامدا گوتی: " من چۆن دەتوانم ناوی جەلال دەباغی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی عێراق و ناوی ملازم ئەحمەد جبوریی کادری عەسکەریی پێشکەوتووی حیزبی شیوعی کە هەردوکتان ناسراون، لە ئێرانییەکان بشارمەوە!!، ئەوە بۆ پەیوەندییەکانی پارتیمان زیانی هەیە!".

ئەگەر ئەبوشوان وەک نووسیوەتی دەیەوێ با "داوا لە پدک" یان هەر لایەک بکات کەچۆن بەربووین با بفەرمووێت، ئەوە کاری خۆیەتی و سەربەستە.

لەوەشدا کە دەڵێ "لە کۆنگرەی پێنجەمدا ئەم پرسیاری گرتنەی باسکرا" راست نییە، چونکە خۆم ئامادەبووم و شتیوا باس نەکراوە. بەڵام لەدوا دانیشتنی کۆنگرەدا، من لەسەر بڕیاری حیزب چەند هاوڕێیەکی نوێنەرم لەگەڵ خۆمدا بردەوە بۆ شام و نەشمبیستووە لە پاشملە شتیوا باسکرابێت!. لەپاشدا کە تانە لە حیزب دەداو دەڵێ" ئەویش وەک پوختەی بڕیاری پشتئاشان خرایە ئەرشیفی لاپەڕە ئەوەندەوە! ئەی بۆچی هەڵوێست ئاشکرا نەکرا؟" ئەو نووسینەشی بەڵگەیە کە ئەگەر شتێکمان لەسەربوایە نەدەخرایە ئەو"ئەرشیفەوە" کە براله(شێرلۆک) دوای ئەو هەموو ساڵە ئیدیعای دەکات. (سەرنج: وشەی براله "شێرلۆک" لە نووسینەکەی ئەبوشوان وەرگیراوە. ج.د.)

- هەربۆ زانیاریی زیاتر، من راستەوخۆ دوای دەرچوونم، راپۆرتێکی بیست لاپەڕەیی گەورەم لەرێگەی هاوڕێ کەریم ئەحمەدەوە نارد بۆ م.س لەوێدا تەواوی لێکۆڵینەوەکانم کە لە دە دانیشتندا بوو بەدرێژی تۆمارکردووەو، لەسەر هەڵوێستم لەو گرتنەماندا لەلایەن حیزبەوە ستایش کرام. هاوڕێ ئەبو ئزدهاریش هەر وایکرد.

- دەبوو ئەبو شوان هەرچییەکی هەبووایە لە هاوڕێ کەریم ئەحمەدو هاوڕێیانیترو یان لە حیزبی بپرسیبایە، نەک دوای پێنج ساڵ لەگرتنەکەمان (ساڵی 1986 گیراین) ئەو لە 2001دا بینووسێت، بەڵام نووسینەکەی دەیسەلمێنێ کە ئەو مەبەستی گەیشتنە راستی نییە، بەڵکو بڵاوکردنەوەی ناڕاستیەکانە د ژی هاوڕێ دێرینەکانی و حیزبەکەی..لەم بارەیشەوە چێ هەیە با بێ منەتبێ!.

## بەڵگە..!

لەژێر ئەم سەردێڕەدا کاک ئەبو شوان بۆ وەڵامی نووسینەکەی من کە لە لاپەڕە 20 دا نووسیومە (ئەی کوا تاقە بەڵگەیەکی کە ناوبراو" مەبەست لە هاوڕێ عومەرعەلی شێخ- ئەبو فاروقە" رق و کینەی بەوجۆرە بووبێ و، بەنیازی "تۆڵە" دوای هاوڕێیەک کەوتبێ) هەندێ شتی نووسیوە کە لەدوورو نزیکەوە فڕی بەسەر هیچ بەڵگەیەکەوە نییە ودەڵێ" ئەگەر بەدرێژی وەڵامی بدەمەوە ئەبێ بەدەیان لاپەڕە لەسەرخۆشی بنووسم، ئەم نامیلکەیەی کە ئەو بڵاوی کردۆتەوە هەر خۆی لە خۆیدا بە تەکلیفی (ناوبراوەکەیە)، ئەمە لە خۆیدا بەردەوامیی تۆڵەیە." نامیلکەکەش" هێرش و پەلامارو تۆقاندنە"!

من دووبارە دەپرسم کوا تاقە بەڵگەیەک؟ ئەوەی نووسیوەتی کەی بەڵگەیە؟ باشە لەوە درێژتر ئیتر چیت ماوە بینووسیت؟ باشە کەمن لەدوورو نزیکەوە لە باسی نامیلکەی یەکەمتدا نیم وتەنیا چەند رەخنەیەکم لێگرتوویت، ئیتر بۆچی "دەبێ بەدەیان لاپەڕە لەسەر خۆشم بنووسیت "؟! ئەی خۆ نامیلکە وەڵامەکەت بە زۆری هەر ناڕاستییەو لە سەر منت نووسیوە! دەبێ منەتبەو چیت هەیە بینووسە.. بەڵام بەمەرجێ راستیەکان نەشێوێنیت، چونکە بەری



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

رۆژ بەبێژنگ ناگیرێت. نازانم بۆچی نامیلکەکەی من دەبێتە "هێرش و پەلامارو تۆقاندن" بەڵام نامیلکە پڕ لە ناڕاستییەکەی ئەو نابێتە "هێرش و پەلامارو تۆقاندن".؟!

- لە لاپەڕە 33داو لە وەڵامێکیدا بەسەردێڕی "نوقڵانە" پێنج خاڵی نووسیوە کە هەموویان دوورن لە ڕاستییەوەو دەڵێ: "لای خۆی وای خەملاندبوولە پاش ئەم ئەتروحەیەی ئەکرێتە:

- 1- لێپرسراوی ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعی کوردستانی. ئەم ناسناوەی بەخۆی دابوو لە گۆڤاری (هەندرێن)دا " لەڕاستیدا من ئەو"ناسناوە"م نەداوە بەخۆم، بەڵکو بەڕاستی لێپرسراوی ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعی کوردستان بووم. بۆیە هاوڕێ مامۆستا مەجید لە دوای ناوەکەمەوە لە وتارەکەدا ئەوەشی نووسیبوو.

- 2- ئەکرێت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی". ئەمەش وانییە چونکە کەس لەحیزبی ئێمەدا"ناکرێتە" ئەندامی مەکتەبی سیاسی" بەڵکو کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی خۆیدا سکرتێرو مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت. من لە یەکەم کۆبوونەوەی ل.م دوای یەکەم کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستان بە ئەندامی م.س هەڵبژێردرام. دواتریش لە کۆنگرەی سێیەمدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

- 3- نەوشیروان ئەیکات بە وەزیری گواستنەوە لە حکومەتەکەی سلێمانی، لە هەموو کۆڕو دانیشتنێکدا باسی وەزیرییەکەی ئەکرد"، ئەمەش بەهیچ جۆرێک ڕاست نییە. باشە لە کام کۆڕودانیشتنێکدا من ئەوەم باسکردووە؟ جارێکیان ئەم ئەبو شوانە هاتە بارەگای ناوخۆیی سلێمانی، کەس نەیدەویست پێشوازیی بکات، چونکە ئەوەندەی بە قسەو نووسین لەدژی حیزب وهاوڕێیان باسی کردبوو چارەی خۆی گران کردبوو، بەڵام من بەگەرمی پێشوازیم کرد، ئیتر هاوڕێیان ئەحمەد حامیدو سوبحی مەهدی و ئەوانیتر هاتن و هەموو پێکەوە دانیشتین، باس هاتە سەر ئەوەی بۆچی حزب لە وەزارەتەکەی هەولێردا بەشداری کردووەو لەوی سلێمانیدا بەشداری نەکردووە، لەکاتێکدا یەکێتی ئامادەبووە دوو وەزارەتمان بداتێ. منیش گوتم دەبوو بەشداریی ئەملاشمان بکردایەو، هاوڕێ حەیدەر کە لە هەولێر بۆتە وەزیری گواستنەوە، لێرەش وەزارەتی گواستنەوەی وەربگرتایەو، هەم ئەو وەزارەتە نەدەبووە دوان و هەم حیزب لێرەش بەشداردەبوو، ئینجا گوترا کە پارتی ئەوەی قەبووڵ نەدەکرد. ئیتر بە شایەتی ئەو دوو هاوڕێیەوهاوڕێیانی بارەگای حیزب لە سلێمانی، کە لەو دانیشتنەدا ئامادەبوون، من بەهیچ جۆرێک و لەهیچ شوێنێک ئەوەم نەگوتووە کە هاوڕێ ئەبوشوان ئیدیعای دەکات. لەبەر یەک هۆ، کاک نەوشیروان هیچ بەڵێنێکی نەداوەتەمن.

لەلایەکیترەوە (کات) قسەکەی ئەبو شوان پووچ دەکاتەوە کە دوای نۆ ساڵیش ناوبراو نەیکردومەتە وەزیر!. باشە با کاک ئەبوشوان بفەرموێ لە کاک نەوشیروان مستەفا بپرسێت بزانێت ئەو گفتەی داوەتەمن؟!

4- ئەکرێت بە سەرنووسەری بیری نوێ، ژمارەیەکی دەرکردو دەستی کەوتەروو، ئیتر لابرا". بەڵێ من ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری بیری نوێ بووم، نەک یەک ژمارە بەڵکو چەندان ژمارەمان دەرکرد، تا ئاڵ وگۆڕەکانی دوای سێیەمین کۆنگرە، کە لە کۆمیتەی پەیوەندییەکانی ناوەندیی حیزب ئەرکم پێسپێردراو هەرئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش بووم.

بەڵام سەیرە کە دەڵێ" دەستی کەوتەروو"! باشە بۆ باسی نەکردووە لەچیدا دەستم کەوتەروو؟ دەبێ منەتبێ و با باسی بکات.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

5- له ئاینده‌یه‌كی نزیكدا له پاش هاوڕێ كه‌ریم ئه‌حمه‌د ئه‌بێت به سكرتێری حیزبی شیوعی كوردستانی. ئه‌وه‌ی له‌بیرو حه‌زو ئاره‌زووه‌كانی ئه‌ودابوو وا ده‌رنه‌چوو، ته‌واو به پێچه‌وانه‌وه هاته‌دی". دوای ئه‌م نووسینه‌ی پیاو بیرده‌كاته‌وه: تۆ بڵێی ئه‌بو شوان فاڵگره‌وه‌بێت "بیرو حه‌زو ئاره‌زووه‌كان"ی خه‌ڵكی بزانێت؟!

- له باسی هه‌ڵبژاردنه‌كاندا له ل35دا هه‌رله خه‌یاڵی خۆیه‌وه له‌سه‌ر من نووسیویه‌تی ده‌ڵێت: " وا له‌خه‌ڵك ده‌گه‌یه‌نێت كه ئه‌و زنجیره هه‌ڵبژاردنانه‌ی له كوردستاندا كراون به هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ی شاره‌وانییشه‌وه له سلێمانی، حزب له هه‌موویدا سه‌ركه‌وتنی به‌ده‌ست هێناوه‌و له داهاتووشدا هه‌روا ئه‌ڕوا!" به‌بێ ئه‌وه‌ی به‌ڵگه‌یه‌كی له نووسینه‌كه‌ی من به‌ده‌سته‌وه‌بێت. من هه‌رگیز رمڵی وام لێنه‌داوه‌و لێی نادەم و شتیوام نه‌گوتووه ، مه‌گه‌ر ئه‌وه هه‌ر له خه‌وبینینی ئه‌بو شوان داو یان له خه‌یاڵی بێ بنه‌وانیدا گوترابێت.

- له لاپه‌ڕه 35 دا ده‌گێڕێته‌وه‌و ده‌ڵێ: ".. كاتێ به‌بۆنه‌ی جه‌ژنی قوربانه‌وه له ئاداری 2000دا چووم بۆ باره‌گای لیژنه‌ی محه‌لی حیزب له سلێمانی، ئه‌ویش له‌وێ بوو له گه‌ڵ ئه‌نوه‌ر عوسمان دانیشتبوو، پێی وتین كاك مه‌سعود وه‌زیرێكی نه‌قڵی داوینه‌تێ، شتێكی باشه، به‌ڕێز مام جه‌لالیش وه‌عدی داوینه‌تێ وه‌زیرێكی نه‌قڵمان ئه‌داتێ، ئه‌مه‌ش جێی ته‌قدیرو پێزانینه. وا به‌گه‌رمی باسی ئه‌كرد بۆمان وای پیشان ئه‌دا له سبه‌ینێ زووتر نییه خۆی ئه‌بێت به وه‌زیری گواستنه‌وه‌ی سلێمانی، من نه‌مئه‌زانی باسی"وه‌زیریی"یه‌كه‌ی له سه‌ركردایه‌تیدا كراوه، ئه‌مه له‌كاتێكدا چه‌ند رۆژێك تێپه‌ڕ نه‌بووبوو به‌سه‌ر كاره‌ساتی هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ی شاره‌وانێدا له سلێمانی، كه "هاوپه‌یمان" پاشقولێكی وایان لێگرتین ته‌نانه‌ت له شارۆچكه‌یه‌كی بچووكیشدا حشك به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیه‌كی شاره‌وانی ده‌ستنه‌كه‌وێ، كه‌چی ئه‌میش په‌له‌یه‌تی و چركه ئه‌ژمێرێ بۆ وه‌زیرییه‌كه‌ی!".!

لێره‌شدا ده‌مه‌وێ جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه بكه‌مه‌وه كه‌ئه‌م شتانه‌ی كاك ئه‌بوشوان به‌و ته‌مه‌نه درێژه‌یه‌وه نووسیونی هیچیان راستنین. به‌داخه‌وه، حه‌زم ده‌كرد راستبونایه‌و، ئاوا ناڕاستییه‌كانی نه‌كه‌وتنایه‌روو.! لێره‌دا به پێچه‌وانه‌ی ل33وه كه گوتوویه گوایه نه‌وشیروان به‌ڵێنی پێداوم بمكات به وه‌زیر ده‌ڵێ" من نه‌مئه‌زانی باسی “وه‌زیریی"یه‌كه‌ی له‌سه‌ركردایه‌تیدا كراوه"! باشه چۆن زانیت ئه‌و باسه له سه‌ركردایه‌تیدا كراوه؟ من خۆم كه ئه‌ندامی سه‌ركردایه‌تی بووم ئاگادارنیم. باشه كه‌له‌وێ باسكرابێ ئیتر به‌ڵێنی نه‌وشیروانی چی؟ له‌باره‌ی قسه‌كانی تریشیه‌وه خۆ هاوڕێیان و كاك ئه‌نوه‌ر عوسمان ماون و ئاگادارن كه به‌وجۆره‌م نه‌گوتووه‌و كاك ئه‌بوشوان خۆی ئه‌وشتانه وه‌ك زینده‌خه‌وی خۆی، له بیری خۆیدا، ده‌یانكاته راستی!.

- ئه‌بوشوان له ل36-37ی نامیلكه‌كه‌یداو به‌سه‌ردێڕی(میوانێكی ئازیز) ده‌ڵێ: " ...كاك نه‌وشیروان به‌ند نه‌بوو، به‌ڵكو میوانێكی ئازیزبوو... هه‌ركاتێ بیویستایه ئه‌یتوانی را بكات.." باشه ئه‌گه‌ر میوان بوو ئیتر(ئه‌یتوانی رابكات) چ مانایه‌كی هه‌یه‌و كێ دیویه (ئه‌یتوانی رابكات) بۆ میوان بنووسرێت و میوان بۆ راده‌كات؟!

- له لاپه‌ڕه‌ی 39دا هاوڕێ قادر ره‌شید ناسك ده‌ڵێت: " جه‌لال به‌و به‌رائه‌ته خه‌ستوخۆڵه‌یه‌وه نه‌وه‌ستاوه بۆ نه‌وشیروان، پڕۆپاگه‌نده‌ی ناڕه‌واش ئه‌كات دژ به هاوڕێكه‌ی، گوایه قادر ره‌شید خۆی بۆ خۆی چووه بۆ لای نه‌وشیروان و كتێبه‌كه‌ی پێشكه‌ش كردووه!" " ئه‌م هه‌ڵبه‌ستنه پێسپێرراوه‌ی له باره‌گای محه‌لی حیزب له سلێمانی بڵاوكردۆته‌وه. به‌راستی دیارده‌یه‌كی نوێی پڕ له شه‌رمه‌زارییه‌و له ره‌وشتی رۆشنبیری شیوعی ناوه‌شێته‌وه كه هێشتا ئه‌ندامی ئه‌و حیزبه‌بێت و به ناڕه‌وا بوختان بۆ هاوڕێكه‌ی بكات."!



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

له وەڵامی ئەم ورێنەکردنانەیدا، ئەگەر قسەو زاراوە "جوانەکانی" بخەمە لاوە، هەر ئەوەندەی پێ دەڵێم: پاکانەی چێ و، پڕۆپاگەندەی چێ و، لای کێ و، پێسپێردراوی چی و کوا تاقە بەڵگەیەک؟!. ئەو وەڵامی نامیلکەیەکی نووسراوی من دەداتەوە کە لەهەموو رستەیەکی بەرپرسم، یان وەڵامی قسەو پڕۆپاگاندەو گوتیان و دەڵێنی ئەم و ئەو؟. باشە ئەوە بە تاواندەزانێ ئەگەر گریمان بۆ خۆی بچێت بۆ لای نەوشیروان و کتێبەکەی پێشکەش بکات.؟ خوێنەرانی بەڕێز، بەتایبەتی هاوڕێیان و دۆستان دڵنیادەکەم کە هەرچییەکی نووسیوە لەمنەوە دوورە.

- کاک ئەبوشوان لە وەڵامی نامیلکەکەی من و بابەتی پشتئاشانەوە لایداوەو کوێرانە بەرگری لە کەسێکیتر دەکات کە من وەڵامی نووسین و قسەکانیم داوەتەوە کە لە کۆڕێکدا هێرشی ناڕەوای بردبووە سەر خۆم و حیزبەکەم و، پێش منیش هاوڕێ دڵزاری شاعیر وەڵامی دابۆوەو بەرگری لەمن و حیزبەکەشمان کردبوو، کەچێی کاک ئەبو شوان خۆی تێ هەڵقورتاندووەو بەرگری لەو کابرایە دەکات. هەر ئەوەندەی پێ دەڵێم کە نەئەبوو پێش ئاگاداربوونی تەواوی لەکێشەکەو لە نووسین و هێرشەکانی ئەو کابرایە، لە خۆیەوە بەرگری لێ بکردایە. رەنگە بەرگرییەکەی هەر لەبەر ئەوەبووبێ کە وەڵامی هەردووکیان لە نامیلکەیەکدا بە چاپ گەیەندران.

- ئەبوشوان هەرلە هیچە شت دروست دەکات بۆ نمونە لە ل43دا  دوای هێرش بردنە سەر قارەمانی شۆڕشەکەی 14تەموزی 1958،        زەعیم عبدولکەریم قاسم، دەڵێت: " ئەبینم تا ئەمڕۆش شوێنەواری ئەو دەسەڵاتپەرستییە لای دەباغ هەر بەردەوامە!(نازانم کام دەسەڵاتپەرستی؟).. ناوبراو کتێبێکی قەبەو قەوارە گەورەی پڕ کردۆتەوە بە شیعرۆکەو میعرۆکەی خۆی بەناوی (گۆرانیی سەرکەوتن) و بەشان و باڵی عەبدولکەریم قاسم و ستالیندا هەڵیداوەو وەک بەیانی شیوعی"مانیفێست" بەسەر لاوەکاندا بڵاوی ئەکاتەوە تا ئەو تروسکە چینایەتییەش کە تیایاندا ماوە، لەگۆڕی بنێ و هەستی دەسەڵاتپەرستییان  بەهێزترو بە برەوتربێ!".

به هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم چەند دێرە نووسینەی کاک ئەبو شوان دەردەکەوێت کە ئەم بەڕێزە لە کاتێگۆری و مەفهومی کات و شوێن تێناگات. من ئەو شیعرەم لە سەر یادی تێپەربوونی دوومانگ بەسەر شۆڕشەکەی 14ی تەموزدا نووسیوەو لێی پەشیمان نیم کە ستایشی زەعیم عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەی شۆڕشەکەو دامەزرێنەری رژێمی کۆماریم کردووە. بەڵام دەسەڵاتپەرستییەکەی من ئەبێ چی بێت؟ راست نافەرمووێت لەو دیوانەدا تاقە شیعرێک لەسەر ستالین بڵاونەکراوەتەوەو، هیچ شیعرێکم لەسەر ستالین نییەو ئەگەر راست دەڵێت فەرموو با بڵێ کام شیعرەیە، یان هەر لەخۆیەوە ناڕاستی بڵاودەکاتەوە. راستە نەک دیوانەکەی خۆم بەڵکو مانیفێستەکەی مارکسم بڵاوکردۆتەوەو، شەرەفی ئەوەم بەرکەوتووە کە بۆیەکەمجار ئەو دانراوە بەرزەم کردووە بە کوردی و چەندجار چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دەبێ ئەوەش بزانیت کە نە بەجەنابت و نەبە هیچ کەس ولایەنێکیش هەستی چینایەتی لە گۆڕنانرێت.

جەنابت کە بەگاڵتەجاڕییەوە لە ل46دا دەڵێیت "تووسەری ستالین"! من لە ساڵی 1962دا بە جوێندانی دوژمنانی حیزبەوە بە فەهدو ستالین، رووبەرووی هەوڵدان بۆ کوشتنم بوومەتەوە. هەروەها هێشتا بەڕێزیان ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانەری حوکمە زاتییەکەی سەدام بوون و بە لادێکاندا دەگەڕان و بەشان و باڵی رژێم دا هەڵیاندەدا، من لە بەغدا لەماڵێ خۆمدا لەلایەن نائب زاپتێکی ئەمنەوە درامە بەرگولەو هەوڵێ کوشتنم دراو بە رێکەوت رزگاربووم.  جا ئیتر کاممان دەسەڵاتپەرستین قوربان، جەنابت ئێستەش



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەوڵدەدەیت ئەو600 م2 زەوییەت دەستکەویتەوە یان بۆت ببژێرنەوە کە لە هاوینەهەواری (سەری ڕەش) حوکمی بەعس وەک ئەندامێکی ئەنجومەنە داتاشراوەکەی تەشریعی پێی بەخشیوێت.!

## داینەمۆ.

ئەبو شوان لەژێر ئەم سەردێرەدا ناڕاستییەکی دیکەی بەناوی منەوە نووسیوەو، من بەناوی خۆمەوە نووسیومە دەڵێم:"ئا ئەم باسە،هاوڕێ ئەبوو سەرباز لە ل235 – 237 و دواتریشدا، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووەو خۆی داینەمۆی کارو هەڵسوڕانەکەبووە، نەک ئەبوو شوان کە دیەوێ وا خۆی پیشان بدات.) ئەمە بە ئاشکرا دیارە کەهەمووی قسەی منەو باسی کۆبوونەوەکەی سلێمانیمان و هەڵسوڕانی ئەو کاتەمان کە پێشتر لە نامیلکەکەدا باسکراوە بیرهێناوەتەوەو من خۆم دەڵێم(ئەبو سەرباز خۆی داینەمۆی کارو هەڵسوڕانەکە بوو، نەک ئەبووشوان کە دەیەوێ وا خۆی نیشان بدات)، بەڵام کاک ئەبوشوان لێرەشدا ئەم قسانەی خستۆتە کەوانەوە گوایە  قسەی ئەبو سەربازن، لەسەر ئەو بنچینەیە قسەی ناشرینی بەمن گوتووەو دەڵێ"ئە توانن سەیری ئەو بوختانە زلە بکەن وبزانن ئایا ئەبوو سەرباز وای وتووە لەتەواوی کتێبەکەیدا"، نەخێر قوربان ئەبوو سەرباز بە دەستپاکی هەمووی گێڕاوەتەوە، بەڵام تۆ ویستوتە لە ڕۆڵی ئەووە هاوڕێیانیتر کەم بکەیتەوە. هەروا  لە بیرەوەرییەکانیشیدا کەدوای نامیلکەکەی تۆ دەرچووە باسی کۆ بونەوەکانی سلێمانی و هەڵسوڕانەکانی ئەو کاتەمانی کردووە ئیتر جەنابت بۆ ئەو بوختانەم بۆ دەکەیت کە گوایە من بوختانم بۆ ئەبوسەربازکردووە. چاکتر وابوو خۆت باشتر سەرنجی نووسینەکەی منت بدایەو وا بە هەڵە لێی حاڵی نەبوویتایە.

## عەشرەی موبەشیرە!

لەژێر ئەم سەردێرەشدا کاک ئەبوشوان کۆمەڵێک هەڵەی زەق وبە ئارەزوو بە مەبەستی کردووەو دیارترینیان ئەوەیە کە دەڵێ: "ئەم بلۆکە کادیرە جەلالیش دەگرێتەوە، چونکە لە ئەندامانی ل.م ی"عەشرەی موبەشیرە" بوو کە کاک فاتح باسی کردووە."!

پێش ئەوەی باسی ئەم "عەشرەی موبەشیرەیە" بکەم کەبۆتە بنێشتەخۆشەی ژێر دانی کاک ئەبوشوان و، ئینجا دوژمنانی حیزب دەمەوێ بڵێم:

- ڕاست نییەو من لەو ئەندامانە نیم کە جەنابیان بە "عەشرەی موبەشیرە" ناویان دەبات.. بەڵگەش ئەوەیە با بفەرموێ لە هاوڕێیان(عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد، عومەر عەلی شێخ، فەخری کەریم، د.کاظم حبیب، ئارا خاچادور، حمید مەجید موسا، عەبدورەزاق صافی و جاسم حەلوائی ..تاد. بپرسێت، کە بۆ خۆشبەختی هەموویان ماون) تا بزانێت من لەو ناوانە نیم ولەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو دە برادەرە کە هەموویان دەناسم وتێکۆشەری دڵسۆزن. کەواتە کاک ئەبو شوان ڕاستی نەفەرمووە.

- کاک ئەبو شوان ئاماژەیەکی فێڵاوی کردووە کە دەڵێ" کاک فاتح باسی کردووە" نەخێر کاک فاتح ناوی کەسی نەبردووە، چ جای ناوی من، ئیترئەبوشوان بۆچی دەنووسێت "جەلالیش دەگرێتەوە"! دەڵێ" چونکە لەئەندامانی "عەشرەی موبەشیرە "بووا، جا لێی دەپرسم لەسەرچ بەڵگەو لەپای چێ ئەو ناڕاستییەت تۆمار کردووە؟



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

- ئەم "عەشرەی موبەشیرەیە" ئەمەیە: لە کۆنگرەی چواردا کە ئەبوشوان ئامادەی نەبووە، کۆنگرە بڕیاری دا کە بایەخێکی گرنگ بدری بە مەسەلەی کاری نهێنی و پاراستن تا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەموویان لای دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی دیکتاتۆرو فاشیستی سەدام ئاشکرانەبن، وەک کۆنگرەی دووەم (کە خۆم تێیدا بەشداربووم) وکۆنگرەی سێیەم کە بە نیمچە ئاشکرا لە بەغدا پێکهات(کەمن تێیدا بەشدارنەبووم و بە بڕیاری حیزب "إستثناء" کرابووم- واتە بواردرابووم). بەداخەوە لە دوای کۆنگرەی دووەم(ئایاری 1970) چەند هاوڕێیەک گیران و یەک دوویەکیان راستییان گوت ، بەوهۆیەوە رژ ێمی تاوانکار توانی بگاتە ناوەکانی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرەونزیکەی 40% لە ئەندامانی کۆنگرە بەجۆرەها شێوە تێرۆر بکات. ئەمەش زیانێکی یەکجار گەورەبوو. هەر لەبەر ئەوەبوو کۆنگرەی چوارەمی حیزب لە بناری چیای کاروخ بڕیاری دا دە ئەندام بکرێنە پاڵێوراوی کۆمیتەی ناوەندی و جگە لە هاوڕێ عەزیزکە ئەوکاتە سکرتێری یەکەمی حیزب بوو هیچ کەسێک بۆی نەبی بیانناسێت. بۆیە هاوڕێ عەزیز بەبێ ناو ئاشکراکردن لای خۆیەوە دەکەس دیاری دەکات و بە بڕیاری کۆنگرە کە باوەڕی تەواوی بە هاوڕێ عەزیزدابوو بوونە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی. جا ئەم کارە راستبێ یان هەڵە بەشێوەیەکی شەرعی لەلایەن کۆنگرەی حیزبەوە بڕیاردرا.( بۆ ئاگاداریی هەموان وەک لەسەرەوە باسمکرد من یەکێک نەبووم لەو دەکەسە، بەڵکو خۆم زۆر لەپێش کۆنگرەی چوارەمەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووم بەڵام تا کۆبوونەوەکەی ک.ن 1987 لە دۆڵە کۆگە ئاشکرانەکرابووم).هاوڕێ عەزیز ماوەو هیوادارم تەمەنی درێژبێت و هاوڕی ئەبوشوان دەتوانی پرسیاری لێ بکات تا راستیی بۆ دەربکەوێت.

بەداخەوە ناوی ئەودەکەسەی لەسەرەوە باسکران دواتر بەرەبەرە بەشێوازی "بەرەڵایی" و جۆربەجۆر هەندێکیان ئاشکرا بوون. من لای خۆمەوە رێزی تەواوم بۆ هەردەیان هەیەو، هاوڕێ عەزیز لە کادیرانی پێشکەوتووی حیزب لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، لەنەتەوە جۆربەجۆرەکان وبەتایبەتی لە لاوان دەستنیشانی کردبوون، ئەوکاتەش کە خۆم لەناوەوەبووم وئەندامی مەکتەبی سەرکردایەتی ناوەوەبووم و لەنزیکەوە ئاگاداری خەباتی هەندێک لەو هاوڕێیانەبووم و بەرێز هاوڕێ عومەر عەلی شێخ بەرپرسمان بوو، باشترین چالاکیی نەترسانەیان هەبوو. تا ئێستاش زۆربەی ئەوانە لەریزی پێشەوەی خەباتدان. وابزانم ئیتر دەبێ ئەبوشوان دەست لە گاڵتەپێکردن و بە سووک تەماشاکردنیان هەڵگرێت و ئەوکارە نارەوایە دەبێ لەو نەوەشێتەوە.

- ئیتر وابزانم لەمە بەدواوە پێویست ناکات بەدرێژی وەڵامی هاوڕێ ئەبوشوان بدەمەوە، بەڵکو بەشێوازی بروسکە دەڵێم:

- رۆژگار دەریخست کە راستنەبوو نووسیبووی" بەڵام جەلال دەباغ تاقە فیشەکێکی پێ نەئەگوێزرایەوە"..تاد ل53

- بەهیچ جۆرێک راست نییە کە دەڵێ؛ "جەلال خۆشی یەکێک بوو لەو سەرکردانەو بەبێ چەک جلەوی وڵاخەکەی ئەبو فاروقی رائەکێشا!(کە ئەمەش بە شەرمەزاری نازانم- ج.د.) ئێستگەکەی کردبوو بەژێر خۆڵەوە،"و ناڕاستیی لەم بابەتەی لەسەر هاوڕێیانیتریش نووسیوە.. من کاتێک بڕیاری پاشەکشەدرا لە بارەگای حیزب لە خواکورکەوە بۆ سەرەوەو ناچەی سێ سنوور، خۆم بە داوای هاوڕێیانە، هاوڕێ عەزیزم قایلکرد کەبێت بۆ بارەگایەکەی دواوە کە پێشمەرگەکان ئامادەیان کردبوو، چونکە بە تفەنگێکی بڕنەووە راوەستابوو، نەدەهات و لەوبەریشەوە جاشەکانمان دەدین کە بەسەر بەرزاییەکانی شاخەکەدا هەڵدەگەڕان، برادەرانی پێشمەگە مەفرەزەیەکیان لەوێ هێشتەوە کە ئەوەبوو هاوڕێ مام عەلیی کوردستانی رۆژهەڵات



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**شەهیدبوو. بەهیچ جۆرێک من ئێستگەم نەکردووە بەژێر خاکەوە! ئەو کارانە و شاردنەوەی کەڵ وپەل وشتەکان ئەرکی دەستە حیزبییەکانیتر بوو.**

- **بەڵێ مێژوی حیزبەکەمان پڕ لەسەروەری و شانازییە، وێڕای هەموو هەڵەو ناتەواوی و شکستییەک، ئەو سەرکردانەی ئەو باسیان دەکات کەسیان "هەڵنەهاتوون و پاشان بێنەوە سەر حازری"،ل57- 58 تاک و تەرای سەرکردەکانیش کە ناو بەناو لە دەرەوەبوون ، لەوێشەوە کاری گەورەیان بۆ حیزب لەناوەوە کردووەو بەردەوام هاتوچۆی ناوەوەشیان کردووە، بەڵام کاک ئەبوشوان لەم چەشنە کارە تێناگات و، ئەو هەموو قوربانییەش بەلایەوە گرنگ نییە، ئەو چاوی لەوەبوو، بۆنمونە هاوڕێ عومەرو ئەبوسەربازو ئەوانیتریش بکەونەوە دەست رژێم تا لەتوپەتیان بکەن، بۆیە پێی خۆشە لە وتارو قسەکانیدا بە مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی بڵێ " ئەبو دەرباز"! لە جیاتی ئەبو سەرباز. هیچ حیسابێک بۆ ئەوە ناکات کە ئەوسەرکردانە ساڵەهای ساڵ لە خەباتی نهێنی ناو شارەکان و، لە بەندیخانەو، لە ساڵانی پێشمەرگەیەتی لە کوردستاندا پڕۆژەی شەهیدبوون بوون، ئەبو سەرباز هاوسەرەکەی و سەربازی کوڕە گەورەی شەهیدبوون و، بۆتانی کوڕی هاوڕێ کەریم ئەحمەدو، فرسەتی کوڕی هاوڕێ نەجمەدین مامۆو دەیانی دیکەی لەم جۆرە شەهیدبوون.**

- **ئەبوشوان لەنووسینەکەیدا ناوی منی ئاوابردووە "کەسێک کە خۆی بە نووسەر لە قەڵەم بدات!"ل61 ئەمە هەر شایانی ئەوە نییە وەڵامی بدەمەوە. باشترە لە خۆی بپرسێت: ئەی چۆن لەیەکەم کۆنگرەوە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کورد و پاشان بە سکرتێری یەکێتی هەڵبژێردراوەو تا ئێستا پتر لە 25 نامیلکەو کتێبی نووسراوو وەرگێڕدراوی هەیەو بەسەدان وتاری نووسیوەو، دەیان ساڵ بەڵگەنامەکانی حیزب ئەم نووسیونی یان کردوونی بە کوردی، وێڕای کاری لە رۆژنامەو چاپەمەنییەکانی حیزب و دەرەوەی حیزبدا؟.**

- **لەل62 دا کاک ئەبوشوان دەنووسێ " ئەوی هیچی نەمابێ بترسێ لە کیسی بچێ بە نزمترین شێواز هەوڵی زڕاندنی ناوی هاوڕێ و دۆستانی خۆی ئەدات" ئەمە زۆر راستە بەڵام بەتەواوی بەسەر ئەبوشوان خۆیدا دەگیرسێتەوە. ئەم بەڕێزە کە لەم ساڵانەی دواییدا بووە بە "نووسەر!" هەموو نووسینەکانی، جگە لە هەندێک لاپەڕەی کەمی نامیلکەی پشتئاشان نەبێت،" بە نزمترین شێواز هەوڵی زڕاندنی ناوی هاوڕێ و دۆستانی خۆی و،حیزبەکەشی، ئەدات".بڕواننە ئەو چەند نووسینەی لە سایتەکان ولە دوو نامیلکەکەیدا، کە تەنیا بابەتی لە دژی حیزب و هاوڕێیانەو، ئەگەر راستییەکیشی لابێت لەدژی ئەوان بەکاری دەهێنێت و زۆر لە نووسینەکانی ناخرێنە قاڵبی رەخنەوە.**

- **لە ل63دا دەڵێ "من وامزانی بوو کە کاک نادر هەورامی شەهید بووە" منیش ئەوەم بۆ راستکردۆتەوە، بەڵام جەنابیان ئەوەشیان پێناخۆشەو بەقسەی وشک و رەق وەڵامم دەداتەوە. سەیر ئەوەیە لە چاپی دووەمی نامیلکەکەیدا راستکردنەوەکانی منی وەرگرتووەو، هەندێ هەڵەی راستکردۆتەوە، بەڵام نایەوێ دان بەوەدا بنێ.!**

- **لە ل64دا نووسیویەتی جەلال " بە کوێرانە داکۆکی لە حدکا دەکات" بەڵام تاقە وشەیەکی لە نووسینەکەی من نەخستۆتە نێوان دوو کەوانەوە و وەڵامم بداتەوە، کۆمەڵێ شتی دیکەی نووسیوە لە دەرەوەی بابەتەکەی من و لەکۆتاییدا دەڵێ" جەلال ناچاری کردم کە ئەمە بنووسم"!**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

- له ل65دا هیچ له نووسینەکەی من تێنەگەیشتووە، یان نەیویستووە تێی بگات، بەناوی منەوە شتێکی نووسیوە کە وانییە، بۆیە گەیشتۆتە ئەم ئەنجامەو دەڵێ: "..سیاسەتێکی (حەربا) یە کە بە گوێرەی کات و شوێن، مرۆڤ رەنگ و رووی خۆی بگۆرێت" ئینجا دەڵێ"جاران کە سیاسەت وەک ئەمرۆی بەسەر نەهاتبوو! بەم جۆرە دەربڕینانەی کاک جەلالمان ئەوت(ئینتیهازییەت)!" جا سەرنج بدەن بزانن من چیمگوتووە کە بەڕێزی بەو جۆرەی لێکداوەتەوە.! من دەڵێم(کات وشوێن) زۆرگرنگە بۆنووسین و لێکۆڵینەوەی رووداوەکان، مرۆڤ دەبێ لەبەرچاویان بگرێت. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ باسی شۆرشەکانی شێخ مەحمودی حەفید بکەین، دەبێ ئەوکات و شوێنە بخەینە بەرچاومان و نابێ بە پێوانەو کات و ساتی ئەمڕۆ ئەو رووداوانەهەڵبسەنگێندرێن...تاد.

- له ل66دا ئەم دێڕەی لەنووسینی من وەرگرتووە"لە ناخەوە ئازاری ئەبو شوان ئەدرا"، ئیتر ناڵێ کەی و چۆن و لە کوێ و لە لایەن کێوەو، من لە کام بڕگەدا ئەوەم نووسیوە؟ چۆن دەبێ ئەو دێڕە ئاوا بەتەنیا وەربگیرێت و بکەوێتە وەڵامدانەوەو قسەی نابەجێ کە هەر شایانی گێڕانەوە نییە.

- له ل68 دادەڵێ"لە کۆنفراسی لیژنەی سویدی حشع خۆی پالاوت بۆ کۆنگرەی شەشەم دەنگیان پێ نەدا، منیش لەو کۆنفرانسەدابووم"، لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم من خۆم نەپالاوت بەڵکو پاڵێورام، بەڵام ئەوکەس نەیپالاوت. راستە ئەوەندە دەنگیان پێ نەدام کە ببمە ئەندامی کۆنگرەی شەشەمی حشع چونکە ئەوکاتە بەشێک لە ئامادەبووانی کۆنفراس هەڵوێستیان لە حشک سەلبی بوو، تەنانەت هەندێک بە جیابوونەوە و إنشقاقیان دەزانی. تاد.

بەڵام کاک (ق.ر) بۆ ئەوە لەسەرمن تۆماردەکات کە شتێکی ناوخۆییە، کەواتە بۆ باسی خۆشی ناکات کە لە کۆنفرانسی رێکخراوەکانی حشک دا خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی سوید پالاوت بەڵام تەنیا 4 دەنگی هێنا!.

- له ل70دا هەرلەبەر ئەوەی وشەی "خوشکە"م لە ناوی (فریشتەو یا فەیرۆز) لاداوەو لەمەشدا هیچ مەبەستێکم نەبووە جگە لە کورتکردنەوە، دەڵێ"ئەوەش مەرجە کە مرۆڤ بە ئەمانەتەوە وشەو رستەکان وەک خۆی بنووسێتەوەو هەرهیچ نەبێت تۆزێکیش رەوشتی لەگەڵ بێت!"

بێگومان ئەم قسانەی بەسەرخۆیدا دەگونجێت، چونکە نە بەئەمانەتەوە نووسینەکانی منی وەک خۆی نووسیوەتەوەو نە تۆزێکیش رەوشتی لەگەڵدابووە. لەوەشدا کە بە ئاشکرا ناوی ئەودوو خوشکەم بردووە یەکەوراست گوتوومە خۆیان دەڵێن سووکایەتییان پێ نەکراوە، بەمانای دەستدرێژی....کەچی ئەم "موفەسیرە" زیرەکە بە مەبەستێکی نارەوا وشەکەی منی والێکداوەتەوە کە دەڵێت: "لێرەشدا دەردەکەوێت کە مەبەستی لەو "خۆیانە" ئەوشیروان بێت"!. لە کاتێکدا ئەو خۆی لەمەسەلەی سەرەکی لاداوە کە لە نامیلکەی چاپی یەکەمیدا دەڵێ " سووکایەتییان پێکراوە" و ناڵێ جۆری ئەم سووکایەتییە چییە؟ کە ئەگەر دیاری نەکرێت بێگومان هەر مانای دەستدرێژی....... دەگرێتەوە. بەڵام وا ئێستا لە وەڵامەکەیدا دیاریی کردووەو، ئەو دووخوشکە خۆشیان لە نووسین و چاوپێکەوتنەکانیاندا بە درێژی جۆری ئەو سووکایەتییەیان دەرخستووە. هەر لە گیرفانی خۆیەوە کاک ئەبو شوان یاری بە وشەی "ئەمان"و "ئەوان" دەکات و مەبەستەکەمی شێواندووەو وەک من گوتبێتم دەڵێت"چونکە(ئەوان) واتە چەکدارەکانی یەکێتی رێزیان لێناون!". لێرەدا لەم برا بەڕەوشتە دەپرسم: لەبەرچی رستەو بڕگەکانی من لەت و پەت دەکات و بۆچی وەک من نووسیمن نایانخاتە نێوان دوو کەوانەوەو وەڵام بداتەوە؟ ئاخر خۆ من وتارەکەی خۆمم چاپ و بڵاوکردۆتەوەو ئەم چەشنە لێکدانەوە هەڵەیەی کاک ئەبو شوان دەردەخات.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

کاک ئەبوشوان درێژەی پێدەداو، لە بابەتی باسەکە، وەک نەریتی خۆی لادەداو، پاشان لە ل73دا دەڵێ" یەکێ لەو ڕووداوانە ئەوەبوو کە لە گەڕەکی کانێسکان، پارتییەکان هاوڕێ جەلال ئەگرن و دارکارییەکی خەست و خۆڵی ئەکەن، برادەران وتیان ئەوە سوکایەتییە بەهاوڕێ کراوەو مامۆستایە(مامۆستایان هەمیشە جێی ڕێزن، نەک هەر لە کوردەواریدا، بەڵکو لە هەموو وڵاتێکدا، تاوانە بەبێ هۆ ئیهانە بکرێن- ق.ڕ". هەڵەکانی بەڕێزیان لەم چەند دێڕەدا ئەمانەن: لەگەڕەکی کانێسکان نەبوو، لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی بوو. پارتیەکان منیان نەگرتووەو دارکاریش نەکراوم، بەڵکوو لەلایەن چەند کەسانێکی سەرسەری و جاسوسەوە هەوڵی کوشتنم درا چونکە شیوعییەکی چالاک بووم و، سێ خەنجەرو چەند خەنجەر بۆکسێکم لێدراو، تاوانکارەکان ناسراون و نەمزانیوە کەسیان پارتی بووبن و پاشان یەکێکیان گیراو ساڵ ونیوێک حوکمدراو،دوای تەواوبوونی حوکمەکەشی کوژرا، شایەتی داکۆکی لێکەری لەدادگادا جاسوسێکی ئەمن بوو. هیچ پارتییەکیش داکۆکییان لێ نەکردوون. دووەکەی تریش دیارە چییان بەسەرهات. سێیەمیان تا ڕوخاندنی سەدام جاسوسێکی موخابەراتی ڕژێم بوو لە بەغدا دادەنیشت. جائەگەر کاک ئەبو شوان سوورە لەسەرئەوەی ئەمانە پارتی بوون بۆچی تا ئێستا بێدەنگ بووەو، بائیستا دوای 47ساڵ زانیاری و بەڵگەی چییە ئاشکرای بکات. من لێرەدا داکۆکی لە ڕاستی دەکەم نەک لە پارتی کە ئەو ڕۆژانەی سەردەمی قاسم هەندێک لە ئەندامەکانیان کاروکردەوەی تاوانکارانەیان بەرانبەر حیزبمان و شیوعییەکان کردووەو، کاک محەمەد عەزیز کە تا ئێستاش پارتییەکی پێشکەوتووە لە یاداشتەکانی خۆیدا کەلە گۆڤاری (باسکار)دا لە لەندەن بڵاوکرایەوەو، سەرنووسەرەکەی مامۆستا سەباحی غالب بە سوپاسەوە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەی بۆ دەناردم، ناوی ئەو پارتییانەی تۆمارکردووە کە لە سلێمانی دەستدرێژییان دەکردە سەر شیوعییەکان ولەکانی ماسی و ناوشاردا دەیانکوشتن، یان لێیاندەدان بەڵام ناوی ئەو سێ تاوانبارەی نەبردووە کە پارتی بووبن، دووریشنییە پارتی ڕایسپاردبن کە من تیرۆر بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەبوو کە شیوعییەکی چالاک بووم نەک تەنیا لەبەر مامۆستایەتی کە ئەبوشوان دەیەوێ وای پیشانبدات.!

## لە کۆتاییدا.

لەکۆتاییدا کاک ئەبوشوان لە خەیاڵ و هەڵبەستراوی خۆیەوە، نەک لە نووسینەکەی منی وەرگرتبێ دەنووسێ: "هاوڕێ جەلال لەدوا وتەیدا هاوار ئەکات و داوای"نەجدە"ئەکات لە هاوڕێیان، لە حیزبەکان، کەسانی سیاسی بەبەرەی ڕاست و چەپیانەوە لە خوشکان لە پیشمەرگە، لەکەسانی بێلایەن و وابەستە، هەر هەموویان فریاکەون، وریابن، کۆمەکی پێبکەن و ئەوانەی ڕەخنە لە هەڵەو کەم و کوڕییەکانی هاوڕێیانی سەرکردەو کۆنە سەرکردەو مەرجەع ئەگرن، ئەبێ <u>سەرەوخوار هەڵیان واسین</u>، ئەبێ هەموومان هەوڵ بدەین لەو پێناوەدا کە کەس بە خەویش نەوێرێت ڕەخنە بگرێت!".

کاک ئەبوشوان بەم وشانەی دەیسەلمێنێ کە بەم شێوازە مامەڵەی لەگەڵ نووسینەکەی مندا کردووە نەک بە دەستپاکی. ئەوکۆنە کادیرێکی پێشکەوتووە لەنووسینەکەیدا پەنای بردۆتە بەر شێواندن، هەڵەبازی، ئاوەژووکردنەوەی ڕاستی، تانەو تەشەری نابەجێ، دوورکەوتنەوە لە شێوازی زانستانەی لێکۆڵینەوەو وەڵامدانەوەو ڕەخنە، بەئەنجامگەیشتنی پێچەوانە بەدەم خەڵکەوە...تاد.

کاک ئەبوشوان نافەرموێت پیشانی خوێنەرانی بدات لە کوێدا من گوتوومە ئەوانەی ڕەخنە لە سەرکردەکان دەگرن" <u>ئەبێ سەرەوخوار هەڵیان واسین</u>" خۆ بەڕێزیان چەند پێی کراوە نەک تەنیا ڕەخنە، بەڵکو هێرش و پەلاماریشی بردۆتە سەر حیزب و سەرکردەکانی لە هەموو قۆناغەکانداو، درۆو دەلەسەی داتاشیوە، کەسیش گوێی نەداوەتێ. من خۆشم وەکو هەندێ هاوڕێیتریش، بەردەوام بەڕای خۆمان ڕەخنەی ڕاست و تەواومان لەحیزب وهەندی ڕووی سیاسەتەکانی گرتووەو، وای بۆ دەچم کە چ حیزب وچ هاوڕێیان تا ڕادەیەک سوودیان لەو ڕەخنانەم وەرگرتووە، ئیتر سەرەوخوار هەڵواسینی چێ؟



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## به ئەنجامگەیشتن.

لەلای خۆمەوە کە هەندێجار پەنام بردۆتە بەر دیالۆگ و گفتوگۆو دەمەقاڵەو "جەدەل" بۆ ئەوە بووە کە دەزانم ئەوە رێگەی گەیشتنە راستییە. لەم وەڵامدانەوەیەشمدا هەر ئەوەم کردووەو بەهیچ جۆرێک نەمویستووەو نامەوی لە "شان و شکۆو ناوبانگ و خەباتی" کەسیتر کەمبکەمەوە. لەگەڵ ئەوەدام کە لەهەموو بوارێک و روویەکدا لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەینەوەو، هەموو شیوعییەکان و دۆستەکانمان، بە هۆشمەندی بڕوانینە هەڵ و مەرج و بارودۆخی وڵاتەکەمان و حیزبەکەمان و بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان کە بەقۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕەدەبن و، چیمان پێ بکرێت بیکەین بۆ دوورخستنەوەی حیزبەکەمان لە هەڵەو پەڵەو ناتەواوی و پێکەوە هەموومان بڵێین بۆ ئێستەو ئایندەی تیکۆشانی بێ بڕانەوەو بێ سنوورو بێ کۆڵدان چی بکرێت باشە؟

ئەگەر حیزب لە هەموو روویەکەوە لەسەر سیاسەتێکی راست و لەناو جەماوەردابوایەو، سەرکردایەتی گوێی لە ئاستی بیروڕاو بۆچوونەکانی رێکخراوەکان و دۆستەکانی حیزب نە ئاخنرایەو، لە جیاوازکاری و پاشقولگرتن دووربکەوتایەوەو، رێگەی تەکەتول و دەستەبەشێی بەکردەوە ریسوا بکردایەو، بەتەنگ هەموو هاوڕێ و دۆستەکانی خۆیەوە بوایە، لە هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی وەک ئەنجامەکانی 2009/7/25ی بەسەرنەدەهات. بۆیە دەبێ هەوڵ و تێکۆشانمان ئاڕاستەکەین بۆ چاری گیروگرفت وناتەواوییەکان و چەسپاندنی رێبازێکی راست و سەربەخۆی شیوعییانەو، بەرەو کۆنگرەیەکی بە پەلەو ناکاو کە ببێتە مایەی پتەوکردنی حیزب و یەکێتی ریزەکانی و کۆکردنەوەی هەموو تواناکانی ناوەوەو دەورووپشتی حیزب و دیاریکردنی سیاسەتێکی راست کە حیزب بەرەوپێش بەرێت، لە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتیدا بەرەو هێنانەدیی دروشمی کوردستانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار.

<u>سەرچاوەکان:</u>

(1) بڕوانە: رەخنە یان کوتەک ل67
(2) بڕوانە: - رەخنە یان کوتەک ل2
(3) سەرچاوەی پێشوول3
(4) بڕوانە: ج.د.خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە ل23
(5) بڕوانە: رەخنە یان کوتەک ل4
(6) سەرچاوەی پێشوو ل6
(7) خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە ل6
(8) بڕوانە: رەخنە نەک کوتەک ل10
(9) (بڕوانە - خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە ل7)
(10)بڕوانە: قادر رەشید- رەخنە یان کوتەک ل18
(11) بڕوانە: قادر رەشید- رەخنە یان کوتەک ل28
- بۆ سەرچاوەکانیتر لە نووسینەکەدا ئاماژەبە ناونیشان و لاپەڕەکان دراوە.

2009/11/17



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image